تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5863) دووشەممە 4ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

ڕوونکردنەوەیەک لە نووسینگەی ڕاگەیاندنی (بارەگای بارزانی)ییەوە:

سەرۆک بارزانی هەرگیز سازش لەسەر ماف و دەستکەوتەکان ناکات

هەموو خەڵکی کوردستان زۆر چاک دەزانن ئەوانەی سازش دەکەن کێن!

دوێنێ نووسینگەی ڕاگەیاندنی بارەگای بارزانی لە ڕوونکردنەوەیەکدا لەبارەی کۆبوونەوەی نێوان سەرۆک بارزانی و ئەیاد عەلاوی ڕایگەیاند، ئەوەی لە بەشێک لە کەناڵەکان باسی لێکراوە گوایە «سەرۆک بارزانی لە کۆبوونەوەکەدا ڕەزامەندیی لەسەر ئەوە دەربڕیوە کە مادەی 140 دەستکاری بکرێت» دووڕە لە ڕاستییەوە.

هەروەها لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە: لەکاتێکدا سەرلەبەری ئەو هەواڵە چەواشەکارییە ڕەتدەکەینەوە، ئەوەش ڕوون دەکەینەوە کە خەڵکی کوردستان دەزانن سەرۆک بارزانی داکۆکیکار و خەمخۆڕی ڕاستەقینەی خاک و گەلی کوردستان و مافە ڕەواکانییەتی هەرگیز سازش لەسەر ئەو ماف و دەستکەوتانە ناکات.

(دەقی ڕوونکردنەوەکە لە ل2 بخوێنەوە)



(ئەرشیف)

سبەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کۆدەبێتەوە

لەبارەی ڕەوشی عێراق و هەوڵەکانی هەمواری دەستوور و هاوهەڵوێستی لایەنە کوردستانییەکان لەو بارەوە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارت و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان کۆدەبێتەوە.

مستەفا سەید قادر، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ڕووداوی ڕاگەیاندووە: ڕۆژی سێ شەمە 2019/11/5 لە هەولێر، سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆدەبێتەوە. مستەفا سەید قادر لەبارەی ئامانجی کۆبوونەوەکە گوتیشی: لە کۆبوونەوەکەدا تیشک دەخرێتە سەر ڕووداوەکانی عێراق و هەوڵەکانی هەموارکردنەوەی دەستوور و یەکهەڵوێستی کورد لە بەرانبەر ئەو پێشهاتانەدا.

ڕێبوار تاڵەبانی: بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نایاساییە

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لەسەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە ڕایدەگەیەنێت، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەگەر بۆ پارێزگاکانی دیکە گونجاو بێ بۆ کەرکووک نایاساییە. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)





سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکردنەوەی پرۆژەیاسای چاکسازی دەکات

پێویستە پەلە بکرێت لە ئامادەکردنی پرۆژەیاسای چاکسازی و ناردنی بۆ پەرلەمان

چاکسازی دەبێ دادپەروەریی تێدا بێت و نابێت هیچ کەسێکی شایستە مافی بفەوتێت

دوێنێ یەکشەممە 2019/11/3 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران ئامادەی بوو، گفتوگۆ دەربارەی ڕەهەندە گشتییەکانی یاساکە و تایبەتمەندییە یاسایی و کارگێڕییەکەی کرا. جەخت لەوە کرایەوە کە پێویستە پەلە بکرێت لە ئامادەکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی وەک یەکێک لە کارە لەپێشینەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ پەسەند کردنی.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتیکردەوە کە چاکسازی پرۆسەیەکی زۆر گرنگە و پێویستە بە زووترین کات پرۆژە یاساکە ئامادە بکرێت و ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت. گوتیشی چاکسازی دەبێ دادپەروەریی تێدا بێت و نابێت هیچ کەسێکی شایستە مافی بفەوتێت، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕێگەش بە کاری نایاسایی و ناڕەوا نادرێت.

لیژنەی ئامادەکردنەوەی پرۆژە یاسای چاکسازی وەک بە شێکی گرنگی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەم بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و بە سەرۆکایەتی وەزیری داد پێکهێنراوە.

هێزەکانی سووریای دیموکرات ژمارەیەک گوندیان لە دەوروبەری سەرێکانی ئازاد کرد

هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) ژمارەیەک گوندیان لە دەوروبەری سەرێکانی لەژێر دەستی چەکدارانی تۆپۆزسیۆنی سووریا دەرهێناو ئازادیان کردنەوە. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

بەغدا.. ئامادەکاری خۆپیشاندەران بۆ درێژەدان بە خۆپیشاندان



بە هۆی وەلامنەدانەوە بە خواست و داواکارییەکانیان، خۆپیشاندەران لە شاری بەغدا ئامادەکاری دەکەن بۆ درێژەدان بە ناڕەزایەتییەکانیان. خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا ڕەتی دەکەنەوە لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکانیان پاشگەز ببنەوە و دەستبانکردووە بە ئامادەکاری بۆ ئەوەی درێژە بە ناڕەزایەتییەکانیان بدەن تا ئەو کاتەی داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکرێت لە سەروویانەوە دەستلەکار کێشانەوەی سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

زۆرینەی پەرلەمان لەگەڵ مانەوەی عادل عەبدولمەهدی دان

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژە بە ڕەوشی ئێستای عێراق دەکات و دەشڵێت لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆک وەزیرانی عێراق لەناو پەرلەمان نەگەیشتووەتە زۆرینە و زۆربەیان لەگەڵ مانەوەی عادل عەبدولمەهدی دان. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

هادی عامری خۆی پێشنیاز کردووە بۆ بوونە سەرۆکوەزیران

خۆپیشاندانەکانی عێراق 10 ڕۆژە دەستیان پێکردووەتەوە، سەرۆکی فراکسیۆنی یەگرتووی ئیسلامی کورستان لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت: بابەتی گۆڕانکاری لە عێراق بڕاوەتەوە، ئاستی گۆڕانکارییەکانیش پەیوەستە بە دۆخی خۆپێشاندانەکانەوە. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

تورکیا... ئەگەر زۆرە جیابوونەوەیەکی زۆر گەورە لەناو ئاکەپەدا دروست ببێت

لەناو ئاکەپەدا دەنگی ناڕەزایی بەرز بووەتەوە، بە تایبەت دوای ئەوەی ئەحمەد داودئۆغلو و عەلی باباجان بڕیاریان دا بە جیا دوو پارتی تازە دابمەزرێنن، ئەو دەنگە ناڕازییانەش دەیانەوێت بچنە ناو پارتەکەی ئەو سەرکردەیەی پێشووتر یەکێک بوونە لە دامەزرێنەرانی ئاکەپە. بە گوێرەی زانیارییەکان 13 ئەندام پەرلەمانی ئاکەپە بەنیازن دەست لەکار بکێشنەوە. (زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

دوو هەزار شوێنی زێڕینگەری لە هەرێمی کوردستان هەیە

لە هەرێمی کوردستان هەزار و 700 دوکانی زێڕینگەری و 285 شوێنکاری چاککردنەوەی زێڕ هەیە و لە ماوەی ڕابردووشدا بە هۆی بارودۆخی ناوچەکە ئاستی هاوردەی زێڕ بۆ هەرێمی کوردستان کەمیکردووە و زێڕینگەڕێکیش ئاماژە بەوە دەکات کە خەڵک زیاتر خواستی لەسەر فرۆشتن هەیە تا کڕین و ئەمەش بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی هاوردەکردن. (زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)




(ئەرشیف)

ڕوونکردنەوەیەک لە نووسینگەی ڕاگەیاندنی (بارەگای بارزانی)ییەوە:

سەرۆک بارزانی هەرگیز سازش لەسەر ماف و دەستکەوتەکان ناکات

هەموو خەڵکی کوردستان زۆر چاک دەزانن ئەوانەی سازش دەکەن کێن!

سەرۆک بارزانی ڕەزامەندی دەرنەبڕیوە ماددەی 140 دەستکاری بکرێت

دوێنێ یەکشەممە 2019/11/3 نووسینگەی ڕاگەیاندنی بارەگای بارزانی لە ڕوونکردنەوەیەکدا لەبارەی کۆبوونەوەی نێوان سەرۆک بارزانی و ئەیاد عەلاوی ڕایگەیاند، ئەوەی لە بەشێک لە کەناڵەکان باسی لێکراوە گوایە «سەرۆک بارزانی لە کۆبوونەوەکەدا ڕەزامەندیی لەسەر ئەوە دەربڕیوە کە مادەی 140 دەستکاری بکرێت» دووڕە لە ڕاستییەوە. هەروەها لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە: لەکاتێکدا سەرلەبەری ئەو هەواڵە چەواشەکارییە ڕەت دەکەینەوە، ئەوش ڕوون دەکەینەوە کە خەڵکی کوردستان دەزانن سەرۆک بارزانی داکۆکیکار و خەمخۆری ڕاستەقینەی خاک و گەلی کوردستان و مافە ڕەواکانییەتی هەرگیز سازش لەسەر ئەو ماف و دەستکەوتانە ناکات. ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

بەشێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەواڵێکی چەواشەکارانەیان بڵاوکردۆتەوە کە گوایە لە دوایین دیداری سەرۆک بارزانی و بەڕێز ئەیاد عەلاوی، باس لە دەستکاریکردنی مادەی 140ی دەستووری عێراق و ئەگەرەکانی گۆڕینی دەستوور کراوە و گوایە سەرۆک بارزانی ڕەزامەندیی لەسەر ئەوە دەربڕیوە کە مادەی 140 دەستکاری بکرێت.

لەکاتێکدا سەرلەبەری ئەو هەواڵە چەواشەکارییە ڕەتدەکەینەوە، ئەوش ڕوون دەکەینەوە کە خەڵکی کوردستان و مافە ڕەواکانییەتی هەرگیز سازش لەسەر ئەو ماف و دەستکەوتانە ناکات. ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

بەشێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەواڵێکی چەواشەکارانەیان بڵاوکردۆتەوە کە گوایە لە دوایین دیداری سەرۆک بارزانی و بەڕێز ئەیاد عەلاوی، باس لە دەستکاریکردنی مادەی 140ی دەستووری عێراق و ئەگەرەکانی گۆڕینی دەستوور کراوە و گوایە سەرۆک بارزانی ڕەزامەندیی لەسەر ئەوە دەربڕیوە کە مادەی 140 دەستکاری بکرێت.

لەکاتێکدا سەرلەبەری ئەو هەواڵە چەواشەکارییە ڕەتدەکەینەوە، ئەوش ڕوون دەکەینەوە کە خەڵکی کوردستان دەزانن سەرۆک بارزانی داکۆکیکار و خەمخۆری ڕاستەقینەی خاک و گەلی کوردستان و مافە ڕەواکانییەتی هەرگیز سازش لەسەر ئەو ماف و دەستکەوتانە ناکات.

سەرۆک بارزانی لە چەندین بۆنەدا بەڕوونی ئەوەی ڕاگەیاندووە کە هەر گۆڕانکارییەک لە دەستووردا بکرێت، نابێ لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە. هەموو خەڵکی کوردستانیش زۆر چاک دەزانێ کێن ئەوانەی سازش دەکەن.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی بارەگای بارزانی
3ی11ی2019

وەزارەتی بازرگانی: پێشبینی دەکرێت ئاڵوگۆڕی بازرگانیی کوردستان بگاتە 33 ملیار دۆلار

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هەندێک ئاماری بازرگانی دڵخۆشە و پێشبینی دەکات ئاستی بازرگانیی هەرێمی کوردستان و جیهانی دەرەوە بەرز ببێتەوە بۆ 33 ملیار. فەتحی محەمەد گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ڕایگەیاندووە: بەگوێرەی ئەو داتایانەی کۆمان کردوونەتەوە، دەردەکەوێت کە ئاستی بازرگانیی ساڵی 2018ی کوردستان لەگەڵ گشت وڵاتانی جیهاندا بریتی بووە لە 28 ملیار دۆلار و ڕەنگە بۆ ئەمساڵ بەرز ببێتەوە بۆ33 ملیار دۆلار کە ئەوەش جێگای خۆشحاڵییە.

گوتیشی: بەشێکی زۆری کارگەکان لە کوردستان کەوتوونەتەوە کار کە ژمارەیان خۆی لە چوار هەزار و850 کارگەر دەدات کە دەتوانن پێویستیی ناوخۆ پر بکەنەوە و ئەمەش جێگای دڵخۆشییە.

فەتحی محەمەد گوتیشی: پلانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئەوەیە پەرە بە کارە بازرگانییەکانی بدات و جموجوڵی بازرگانی زیاتر بکات.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی:

زۆرینەی پەرلەمان لەگەڵ مانەوەی عادل عەبدولمەهدی دان



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژە بە ڕەوشی ئێستای عێراق دەکات و دەشڵێت لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆک وەزیرانی عێراق لەناو پەرلەمان نەگەیشتووەتە زۆرینە و زۆربەیان لەگەڵ مانەوەی عادل عەبدولمەهدی دان.

د.ڤیان سەبری، لەمبارەوە بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: تا ئێستا کوتلەی گەورە لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراقن و ئەوەش لە بەرانبەر دژایەتیی سائیروون و نەسرن، بەڵام زۆر کوتلە ڕێککەوتنیان نەکردووە لەسەر دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی، لەم ڕۆژانە کۆبوونەوە هەبوو لە مالّی بەرهەم سالح لە نێوان فەتح و فالح فەیاز و عامری و نووری مالیکی و محەمەد حەلبووسی، بەڵام نەگەیشتنە ڕێککەوتن. سەبری ئەوەشی خستۆتەڕوو: تا ئێستا ڕێککەوتنی بەهێز نییە کە لەناو پەرلەمان دەنگی زۆرینە بێت بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆک وەزیران عێراق و زۆرینە لەگەڵ مانەوەین.

ڕێبوار تاڵەبانی: بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نایاساییە



سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لەسەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە ڕایەگەیەنێت، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەگەر بۆ پارێزگاکانی دیکە گونجاو بێ بۆ کەرکووک نایاساییە.

دوێنێ یەکشەممە 2019/11/3 ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، بڕیارێکی بەپەلەی پەرلەمانی عێراق بوو و بەپێچەوانەی یاساکەی خۆیان بووە کە دەریان کردووە و بەبێ ئەوەی هەمواری بکەنەوە و ئەو بڕیارەیان دژی یاساکەی خۆیان داوە.

تاڵەبانی ئەوەشی گوتووە: بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەگەر جێبەجێش بکرێ کە یاسای 2008ی هەموارکراوی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، کەرکووک ناگرێتەوە، چونکە تاکوو ئێستا کەرکووک بە فەرمانی 71ی بڕیمەر بەڕێوە دەچێت، چونکە لە ساڵی 2005ەوە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای تێیدا نەکراوە، واتە ئەگەر بۆ پارێزگاکانیتر تا ڕادەیەک گونجاو بێت، بۆ کەرکووک نایاساییە.

ماوەی زیاتر لە یەک مانگە لە بەغدا و بەشێک لە شارەکانی باشووری عێراق خۆپیشاندان دژی گەندەڵی و بۆ گۆڕانکاری لە حکوومەتدا ئەنجام دەدرێت کە بەهۆیەوە سەدان قوربانی لێ کەوتووەتەوە و پاشان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وەک خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن بۆ نەهێشتنی گەندەڵی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقیان داوە.

سلێمانی.. سیمپۆزیەمی کێشەکانی کەمئاوی لەداهاتوودا، چارەسەر و هۆکارەکانی

پرۆفیسۆر پۆڵا خانەقا: ئامانج لەو سیمپۆزیەمە دەستخستنە سەر کێشەکانی ئاوە لە ئێستا و داهاتوودا



دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی لە سلێمانی، سیمپۆزیەمێکی لەژێر ناوی "جیۆپۆلەتیکی ئاو و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاشتی ناوخۆیی و ناوچەیی" ڕیکخست. سیمپۆزیەمەکە بە وتاری سەرۆکی دەستەکە دەستیپێکرد و دواتر لە سێ پانێلدا چەند باسێکی گرنگ تاوتوێ کران.

لە دانیشتینی یەکەمدا ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبەردنی ئاو لە هەرێمی کوردستان باسی لێوەکراو و هەر یەکە لە د. ئازاد نەقشەبندی و د.لەتیف ڕەشید و هەروەها پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر خەلیل کەریم محەمەد باسی لە ڕێگاکانی زیاد کردنی ئاوی گەنجینەکراوی ژێر زەوی کرد.

لەدانیشتنی دووهەمی سیمپۆزیەمەکەدا بەناونیشانی ئابووری و لێکەوتەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا هەریەک لە دکتۆر شیروان عومەر ڕەشید، ڕۆژنامەنووسی پسپۆڕ لەبواری ئاو خالید سلێمان، پرسەکانی ڕۆڵی دەرامەتە ئاوییەکان لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان و کاریگەرییەکانی تاوتوێ کرد.

دانیشتنی سێهەم تایبەت بوو بە سیاسەتی ئاوی وڵاتانی ئاوزێڵی دیجلە و فورات و یاسا نێودەوڵەتییەکان و تێیدا هەریەک لە پرۆفیسۆر دکتۆر شێرزاد نەجارِ و بەڕپرسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، دکتۆر کەمال عەبدوڵلا، دکتۆر پێشڕەو حەمەجان عەزیز، تاوتوێی چەند پرسێکیان کرد لەوانە بنەما یاساییەکانی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ئاوی دیجلە و فورات، جیۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستان و کاریگەری لەسەر پرسی ئاو لەعێراق و وڵاتانی دراوسێ، سیاسەتی ئاوی تورکیا بەرامبەر سووریا لەدوای ساڵی 2002ەوە، خوێندنەوەی یاساییانە بۆ چەمکی ڕووباری نێودەوڵەتی؛ ڕووباری فورات بەنموونە، کرا.

لە لێدوانێکدا سەرۆکی دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی پرۆفیسۆر پۆڵا خانەقا ئاماژەی بەوەدا کە ئامانج لەو سیمپۆزیەمە دەستخستنە سەر کێشەکانی ئاوە لەئێستا و داهاتوودا لە هەرێمی کوردستان و هاوکات دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی بێ ئاوی لە ژێر زەوی و گوتی: کار لەسەر ئەوە دەکەین ئایا وشکەسالی ڕووەداتەوە و چۆن بتوانین ئەو ئاوە گل بدەینەوە ئەگەر ڕووەداتەوە. ئاوی ژێر زەوی کە ئێستا هەیە لە کۆنەوە ماونەتەوە ئەوەی لەسەر ڕووەکەی (سەتحی) دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بەکاری دەهێنین، ئەوەی تر ناتوانین بەکاری بهێنین کە فۆسیل (بەبەردبووەکان)ە، ئەو ئاوەی کە هەمانە هی باران لەگەڵ ئاوی ڕووبارەکان کەلەڕێی بەنداوەکانەوە گل دەدرێتەوە. ئەو ئاوانە ئەگەر بارانی زۆر باری ئەوا باشە پردەبێتەوە ئەگەر نەباری ئەوا بەدڵنیاییەوە کێشەی وشکە ساڵی دووبارە دەبێتەوە. ئەگەر وشکە ساڵی دووبارە بێتەوە و ئەو ولاتانەی چواردەوەریش ئاوەکان گل بدەنەوە، ئەوا کێشەی جددیان بۆ دروست دەکرێت. لەم کاتەدا ئاوی زۆرمان هەیە، پار سێ قاتی ساڵی1999 باران باریوە بۆیە کێشەمان نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ئاماژەی بەوەدا کە ئامانج لەو سیمپۆزیەمە دەستخستنە سەر کێشەکانی ئاوە لەئێستا و داهاتوودا لە هەرێمی کوردستان و هاوکات دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی بێ ئاوی لە ژێر زەوی و گوتی: کار لەسەر ئەوە دەکەین ئایا وشکەسالی ڕووەداتەوە و چۆن بتوانین ئەو ئاوە گل بدەینەوە ئەگەر ڕووەداتەوە. ئاوی ژێر زەوی کە ئێستا هەیە لە کۆنەوە ماونەتەوە ئەوەی لەسەر ڕووەکەی (سەتحی) دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بەکاری دەهێنین، ئەوەی تر ناتوانین بەکاری بهێنین کە فۆسیل (بەبەردبووەکان)ە، ئەو ئاوەی کە هەمانە هی باران لەگەڵ ئاوی ڕووبارەکان کەلەڕێی بەنداوەکانەوە گل دەدرێتەوە. ئەو ئاوانە ئەگەر بارانی زۆر باری ئەوا باشە پردەبێتەوە ئەگەر نەباری ئەوا بەدڵنیاییەوە کێشەی وشکە ساڵی دووبارە دەبێتەوە. ئەگەر وشکە ساڵی دووبارە بێتەوە و ئەو ولاتانەی چواردەوەریش ئاوەکان گل بدەنەوە، ئەوا کێشەی جددیان بۆ دروست دەکرێت. لەم کاتەدا ئاوی زۆرمان هەیە، پار سێ قاتی ساڵی1999 باران باریوە بۆیە کێشەمان نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ڕێژەیە جیاوازی زۆرە لەنێوان 390 تا 1000 ملم، ئەگەر هەیە جارێکی تر ئەو ئاوە بگەڕێتەوە و جارێی تر کێشەی کەم ئاوی دروست بکاتەوە.

پرۆفیسۆر پۆڵا خانەقا ئاماژەی بە مەترسییەکانی کێشەی کەم ئاویش کرد و ڕایگەیاند: کاتێک ئاوی خواردنەوە تەواو بوو، کێشەی تەندروستیش سەرهەڵدەدات. هەروەها شار زیاد دەکات و ژمارەی دانیشتوان زیاد دەکات، کە زیادی کرد پێویستیش بەئاو زیاد دەکات.

ناوبراو هۆشداری دا لەبارەی ئەگەری هەڵایسانی جەنگێکەوە کە بەجەنگی ئاو ناوی برد و بە جەنگێکی زۆر مەترسیدار وەسفی کرد و ڕێنمایی ئەوەشی دایە بەرپرسانی هەرێم کە دەبێت لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا پەیوەندییەکانیان پەرەپێبدەن وابکەین کە لەگەڵ ئێران و تورکیادا ڕێککبکەوتین کە کێشەمان بۆ دروست نەبێت.

هێزەکانی ئەمەریکا گەڕێکی دیکەیان لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامدا

هێزەکانی سووریای دیموکرات ژمارەیەک گوندیان لە دەوروبەری سەرێکانی ئازاد کرد

هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) ژمارەیەک گوندیان لە دەوروبەری سەرێکانی لەڕێر دەستی چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا دەرهێناو ئازادیان کردنەوە. بەگوێرەی کوردستان 24 ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندووە هێزەکانی سووریای دیموکرات توانیویانە پازدە گوند لە دەوروبەری سەرێکانی، بە ناوەکانی داودیە، سەعید، ریحانە، سویدیە، کنبەهر، عەبووش، ئوم شەعیفە و فەیسەلیە کۆنترۆڵ بکەنەوە، هەروەها ژمارەیەک گوندی دیکەش کۆنترۆڵکراونەتەوە. ڕوانگەی سووری ئاماژەی بەوەشکردووە، کە شەڕ لەو ناوچەیە کۆتایی نەهاتووە و هەسەدە هەوڵ دەدات لە دەوروبەری تل تەمر پێشڕەوی بکات. ئاشکراشی کردووە، دوای چەند ڕۆژێک لە کشانەوەی هێزەکانی حکوومەتی سووریا لە شارۆچکەکانی زرگان، جارێکی دیکە هێزەکانی سوپا چوونەتەوە نێو شارۆچکەکە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە دوێنێ یەکشەممە جارێکی دیکەش هێزەکانی ئەمەریکا گەڕێکییان لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامدا و سەربازێکی ئەمەریکیش باس لە ڕۆڵی هێزەکەیان دەکات. سەربازێکی ئەمەریکی ڕایگەیاند: ئێمە بەردەوام دەبین لە گەڕەکەمان. ڕاشیگەیاند: ئێمە لێرە نین تاوەکو جەنگ دژی هیچ هێزێک بکەین، بەڵکو تەنها دەمانەوێت سەقامگیریی ناوچەکە بپارێزین، بە گوێرەی زانیارییەکان هێزەکانی هەسەدە هاوشانی هێزەکانی ئەمەریکا بەشدارن لە گەڕەکە. هەروەها میدیای ڕۆژئاوای کوردستان بڵاوی کردەوە هەسەدە گوندی خربەت بەقەری سەر بە گرێسپیی لە سوپای تورکیا و چەکدارانیان پاککردەوە، ڕاشیدەگەیەنن لە چوارچێوەی وەڵامدانەوەی هێرشی سوپای تورکیا و چەکدارانیان، لە گرێسپی گوندێک ئازادکرا، تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ کۆنترۆڵکردنی 15 گوندیان لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکرات ڕاگەیاندووە. لەلایەکی دیکەشەوە ڕێکخراوی فری بۆ ڕەینجەرزی ئەمەریکی، کە ڕێکخراوێکی خێرخوازییە و خزمەتگوزاری پێشکەش بە قوربانیانی شەڕ دەکات، لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا بە هاوەن هێرشیان کردۆتە سەر کاروانێکی سەر بە ڕێکخراوەکەیان و بەو هۆیەشەوە دوو ئەندامیان برینداربوونە کە بریتی یەکێکیان سەختە. ڕێکخراوەکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە هەردوو بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەی تەلتەمر گوازراونەتەوە.





پێشهاتەکانی کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان تاوتوێکرا

30ەمین کۆنفرانسی ساڵانەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمەریکا بەڕێوەچوو

K24/ بە بەشداری ژمارەیەک کەسایەتی سیاسی کورد و چەند کۆنگرێسمانێک 30ەمین کۆنفرانسی ساڵانەی کۆنگرەی نەتەوەی کورد لە ئەمەریکا بەڕێوەچوو کە تێیدا بارودۆخی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و ئەمەریکا گفتوگۆی لەبارەوە کرا، هەروەها باس لە دواین پێشهاتەکانی کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستانیش کرا. نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتن ڕایدەگەیەنێت، ئەم کۆنفرانسانە گرنگن و دەرفەتێک بۆ زیاتر لۆبیکردنی کورد لە ئەمەریکا دەڕەخسێنێت. لە کۆنفرانسەکەدا باس لە بارودۆخی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا کرا. کاریگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان تەوەرێکی گەرموگوڕی کۆنفرانسەکە بوو. لە ڕوانگەی نوێنەری هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا، کۆڕ و کۆبوونەوەی لەم چەشنە بە قازانجی دۆزی کورد. یەکێک لە سەرۆکەکانی پێشوو کۆنگرەی نەتەوەیی ئاماژە بەوە دەکات کە دامەزراندنی کۆنگرەکە، گرێدراوی دۆخێکی پڕ لە کارەساتی کوردستان بووە کە لەو کاتەوە تاکو ئێستا ئەندامەکانیان پێکەوەو لەپێناو ناساندنی پرسی کورد دا خەبات دەکەن .کۆنگرەکە ماوەی دوو ڕۆژو لە ژێر ناوی داهاتووی کوردستان لە نێوان دەرفەت و ململانێکان دا سازدرا، کە وتاربێژان بە پێداگرییەوە باسیان لەوە کرد پێویستە تێکۆشانی کورد لە دەرەوە بە دامەزراوەیی بکرێ و لەو چوارچێوەش دا گرینگی پتر بە لاوان بدرێت.

خۆپێشاندەران لە بەغدا ناڕەزایەتییەکانیان بە وێنەکێشان لە سەر دیوارەکان دەردەبڕن



بەغدا.. ئامادەکاری خۆپێشاندەران بۆ درێژەدان بە خۆپێشاندان

بە هۆی وەڵامنەدانەوە بە خواست و داواکارییەکانیان، خۆپێشاندەران لە شاری بەغدا پایتەختی عێراق ئامادەکاری دەکەن بۆ درێژەدان بە ناڕەزایەتییەکانیان. خۆپێشاندەران لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا ڕەتی دەکەنەوە لە خۆپێشاندان و مانگرتنەکانیان پاشگەز ببنەوە و دەستیانکردووە بە ئامادەکاری بۆ ئەوەی درێژە بە ناڕەزایەتییەکانیان بدەن تا ئەو کاتەی داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکرێت لە سەرووبانەوە دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی.

لەوبارەوە چالاکوانێکی بەشداربووی خۆپیشاندانەکان بە ناوی عەبدولقادر سامر دەڵێت: سەرباری ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەر بوونەتە قوربانی، بەڵام تا ئێستا حکوومەت وەڵامی داواکارییەکانی ئێمەی نەداوەتەوە. عەبدولقادر سامر گوتیشی: ئەگەر حکوومەت و بەرپرسانی پارتەکان وا بیر دەکەنەوە کە بێ هیوا بوون و دەچینە ماڵەوە، ئەوە زۆر بەهەڵەداچوون، چونکە ئەمجارە هیچ کەسێک شەقام چۆڵ ناکات و ناچێتە ماڵەوە تا ئەو کاتەی ئەم چینە سیاسییە گەندەڵکارە نەڕوات کە ماوەی 16 ساڵە پارە و سامانی عێراقییەکان دەدزن.

جێی باسە دوێنێ شەمە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا داوای لە وڵاتانی بیانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کرد کە دەستوەرنەدەنە کاروباری ناوخۆی عێراقەوە. ئەو هەڵوێستەی حکوومەتیش دوای ئەوە دێت، ڕۆژی هەینی ڕابردوو مەرجەعی باڵای شیعە لە عێراق، عەلی سیستانی دەستوەردانەکانی دەرەکی لە خۆپیشاندانەکاندا ڕەت کردبوویەوە و گوتبووی: "هیچ کەس یان گرووپێک یان لایەنێکی دیاریکراوە یان هەر لایەنێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆی نییە دید و بۆچوونی خۆی بەسەر ئیرادەی عێراقییەکاندا بسەپێنێت.

هادی عامری خۆی پێشنیاز کردووە بۆ بوونە سەرۆکوەزیران

ڕووداو/ خۆپیشاندانەکانی عێراق 10 ڕۆژە دەستیان پێکردووەتەوە، سەرۆکی فراکسیۆنی یەگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت: بابەتی گۆڕانکاری لە عێراق بڕاوەتەوە، ئاستی گۆڕانکارییەکانیش پەیوەستە بە دۆخی خۆپیشاندانەکانەوە. جەمال کۆچەر، سەرۆکی فراکسیۆنی یەگرتووی ئیسلامی کوردستان دەشڵێت، عێراق لەبەردەم سێ ڕێگەدایە:

یەکەم: هەندێک گۆڕانکاری بەدڵی حەشدی شەعبی و سەدریەکان بکرێت و حکومەتی ئێستا بەردەوامبێت، کە شتێکی وا دووڕە.

دووەم: لایەنی ئۆپۆزیسیۆن و نووری مالیکی و حەیدەر عەبادی کوتلەی گەورەی پەرلەمان دروستبکەن و کابینەیەکی نوێی حکومەت پێکبێنن.

بژاردەی سێیەم کە لەهەموویان چاوەڕوانکراوترە ئەوەیە خۆپیشاندەران بژاردەکانی دیکە قبوڵ نەکەن و هەموو شت بگۆڕدرێت، کە ئەوەش داواکاری خۆپێشاندەرانە و شتێکی چاوەڕوانکراوە.

سەرۆکی فرکسیۆنی یەکگرتوو باسی لەوەکرد، چەند بەربژێرێک بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەت هەن، بەڵام دواجار خۆپیشاندانەکان بڕیاری کۆتایی یەکلایی دەکەنەوە. بە گوتەی جەمال کۆچەر، هادی عامری خۆی پێشنیاز کردووە بۆ بوون بە سەرۆکوەزیران و لەگەڵ ئەوەی دەگوترێت متمانەی ئەمریکیەکانیشی هەیە، بەڵام لایەنی سەدر و ئۆپۆزیسیۆن قبوڵیان نەکردووە. هاوپەیمانیی سائیروونی سەدریەکان دەڵێن؛ بەربژێرمان دەبێت. چەند بەربژێرێکی دیکەش ناویان دەهێندرێت، وەک؛ د. عەلی شوکری، ڕاوێژکاری ئێستای سەرۆککۆمار لە فراکسیۆنی سەدریەکان، پەرلەمانتار عەدنان زەرفی و ئەیاد عەللاوی، کە یەکێکیان لە قۆناخی ڕاگوزەردا سەرۆکایەتی حکومەتی عێراق بکات.

خۆپیشاندەران لە شاری بەغدای پایتەختی عێراق بە دروستکردنی وێنە و کاریکاتێر لەسەر دیوارەکانی تونێلی گۆڕەپانی تەحریر ناڕەزایەتییەکانیان دەردەبڕن. لە 25ی تشرینی یەکەمەوە، دوای سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانی ناڕەزایەتیی بەرامبەر بە دەوڵەت گرووپێکی گەنجی یاخی لە خۆپیشاندەرانی تەحریر هەڵوێست و ناڕەزایەتییەکانی خۆیان بە دروستکردنی کاریکاتێر بە ڕەنگی ڕەش وسپی و ڕەنگاورەنگ لەسەر دیوارەکانی تونێلی ئەندەرپاسەکان بەرامبەر بە حکوومەت نیشاندەدەن.

ئەوەی لە نووسینی دیوارەکان دەبینرێ وێنەی ئالای وڵاتەکە، خۆپیشاندەرانی ئافرەت، ماتۆرە تاکسییەکان کە بە ناوی 'توک توک' ناسراون و وەک هێمایەکی ناڕەزایەتییەکانی لێهاتووە، هەروەها نووسراوی سەبارەت بەو باڵەخانەیە دەبینرێ کە نازناوی ڕێستورانتی تورکی وەرگرتووە و خۆپیشاندەرانی تێدایە.

ئێمە گەلێکین هونەر و ژیانمان خۆشدەوێ

لینا موسا کە یەکێکە لەو خۆپیشاندەرانەی وێنە و کاریکاتێر لەسەر دیوارەکان دەنەخشێنێت دەڵێت: سووربن لەسەر بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکانمان بە ئاشتییانە. وێنە و کاریکاتێرەکانیشمان بەشێکن لەم خۆپیشاندانە. دەمانەوێت ئەوە نیشانی جیهان بدەین کە ئێمە گەلێکین هونەرمان خۆشدەوێ و بە هونەر دەژین.

جگە لە تونێلەکان لەسەر دیوار و باڵەخانەکانی دەوروبەری گۆڕەپانی تەحریر نووسراو و کاریکاتێری ناڕەزایەتییەکانی تشرینی یەکەم دژ بە دەسەلات دەبینرێن.

خۆپیشاندانەکانی عێراق

عێراقییەکان ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بێکاریی، نەبوونی خزمەتگوزاریی و گەندەڵیی دەردەبڕن و لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتەکە خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن. خۆپیشاندان لە 1ی تشرینی یەکەمی ڕابردوو دەستیپێکرد و لەبەر ڕێورەسمەکانی چلە وەستێنرا. شەپۆلی دووەمی خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژی هەینییەوە ڕابردووەوە دەستیپێکردووەتەوە.



بەغدا..

هێزە ئەمنییەکان ناچاربوون دەستوەردان بکەن بۆ کردنەوەی ڕێگا و شەقامەکان

جاسم ڕەعدی ئامارژەی بەوەش کردووە کە دوای چەند کاتژمێر لە داخستنی ڕێگا و شەقامە سەرەکییەکانی نێوان شاری بەغدا لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە، قەرەباڵغیەکی زۆر دروستبوو و، هەروەها بە تەواوی ڕێگای هاتووچۆ لە شارەکەدا پەکخرابوو بۆیە بەهۆی ئەوەوە هێزە ئەمنییەکان ناچاربوون دەستوەردان بکەن بۆ کردنەوەی ڕێگا و شەقامەکان.

ناوبراو ئاشکراشی کردووە کە لە ئەنجامی کردنەوەی ڕێگا و شەقامە سەرەکییەکانی ناو شاری بەغدا، هیچ ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا ڕووینەداوە.

جێی باسە بەرەبەیانی دوێنێ یەکشەمە لە بەردەوامی خۆپیشاندەکانی دژبە حکوومەت زۆربەی شەقام و ڕێگا سەرەکییەکانی شاری بەغدا لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە داخران کە بەهۆیەوە ڕێگای هاتوچۆ لە شارەکەدا پەکخرابوو.

هەمان ئەو مانگە دەستیان پێکردەوە و، بە بەردەوامی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکهەڵپڕژان لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا ڕووەدات.

سەرەتاش خۆپیشاندەران داوای باشکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕەخساندنی دەرفەتی کاریان دەکرد، بەڵام لەئێستادا، داوای دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکەن.

بەپێی دوایین ئامارێش کە لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤەوە لە عێراق بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە میانی ئەو خۆپیشاندانەکاندا تا ئێستا لە شاری بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق ئەنجام دەدرێن بوونەتە قوربانی، گەیشتووەتە260 کوژراو و 12 هەزار بریندار کە بریتین لە خۆپیشاندەر و کارمەندی ئەمنی.

بەغدا.. کچە چالاکوانێکی مەدەنی لە لایەن گرووپێکی چەکداری نەناسراو ڕفێندرا

ڕاگەیەندرا کە کچە چالاکوانێکی مەدەنی بە ناوی سەبا مەهداوی لە کاتی گەڕانەوەی لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا بۆ ماڵەکەی، لە لایەن گرووپێکی چەکداری نەناسراوەوە ڕفێندراوە.

لەوبارەوە چالاکوانی بەشداربووی خۆپیشاندانەکانی بەغدا، حازم شممەری ڕایگەیاندووە کە شەوی یەکشەمە لە لایەن شایەتحاڵەکانەوە ئاگادار کرانەوە لەوەی کچە چالاکوانی مەدەنی، سەبا مەهداوی لەو کاتەی لە گۆڕەپانی تەحریرەوە دەگەڕایەوە ماڵەکەی لە ناوچەی بەیاع باشووری بەغدا لە لایەن گرووپێکی چەکداری نەناسراوەوە ڕفێندراوە. حازم شممەری ڕاشیگەیاندووە کە سەبا مەهداوی دوای ڕفاندنی، لە لایەن گرووپە چەکدارەکەوە بۆ شوێنێکی نادیار براوە.

هاوکات چالاکوانان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا داوایان لە هێزە ئەمنییەکان کردووە، هەوڵەکانیان بۆ دۆزینەوە و ڕزگارکردنی سەبا مەهداوی بخەنەگەڕ.

بەسرە.. ڕێگە بە فەرمانبەران نەدرا بچنە سەر کارەکانیان

دوێنێ یەکشەمە خۆپیشاندەران لە بەسرە ڕێگەیان بە فەرمانبەران نەدا بچنە سەر کارەکانیان بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن دەست بە مانگرتنی مەدەنی بکەن. لەوبارەوە ڕێکخەرێکی خۆپیشاندانەکانی بەسرە، جاسم عیدانی ڕایگەیاند ئەو ڕێگەیانەی کە دەچن بۆ کۆمپانیاکانی ئاسن و پۆلا و چیمەنتۆ و کارەبا ڕۆژئاوای پاڕێزگاکە لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە داخرا. جاسم عیدانی باسی لەوەشکرد کە خۆپیشاندەران ڕێگەیان بە فەرمانبەران نەدا بچنە سەر کارەکانیان بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن دەست بە مانگرتنی مەدەنی بکەن.

ناوبراو ئاماژەی بەوەش کردووە کە ئەو هۆی ئەوەی تا ئێستا حکوومەت و ئەنجوومەنی نوێنەران وەڵامی داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانیان نەداوەتەوە، ئەمجارە پەنا دەبنە بەر مانگرتنی مەدەنی. لە بەغداش هێزەکانی بەرەنگاربوونەوەی تۆنەدوتیژی خۆپیشاندەرانیان ئاگادار کردەوە لەوەی لە پردی سەنک ناوەڕاستی شارەکەدا نزیک نەبنەوە، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هەردوولادا ڕوو نەدات.



دوای ئەوەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەسرە داوای لە خۆپیشاندەران کرد کە لە بەندەری ئوم قەسر دوور بکەونەوە و دەروازەکانی بەندەرکە بکەنەوە، بەڵام لای خۆیانەوە خۆپیشاندەران داواکەیان ڕەتکردەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە بەندەرەکە دوور ناکەونەوە تا ئەو کاتەی سیستەمی حکومڕانی لە وڵاتدا نەگۆڕدرێت. ماوەی چوار ڕۆژە، بەهۆی خۆپیشاندانەوە لە پاڕێزگای بەسرە، دەروازەکانی بەندەری ئوم قەسر لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە داخراون.

بەندەری ئوم قەسر دیارترین بەندەری بەسرە و گەورەترین بەندەری عێراقە، لەو بەندەرەوە ڕۆژانە بڕێکی زۆر کالاو کەلوپەلی جۆراوجۆر هاوردەی عێراق دەکرێت.

ڕۆژی شەممە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەسرە داوای لە خۆپیشاندەران کردبوو کە لە بەندەری ئوم قەسر دوور بکەونەوە.

لەوبارەوە خۆپیشاندەرێک بە ناوی یاسر عەبدلی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنییدا بە ئاژانسی ئانادۆلوی ڕاگەیاندووە: دەرنگانی شەوی شەممە، خۆپیشاندەران دەروازەکانی بەندەری ئوم قەسریان داخست و داواشیان لە هێزە ئەمنییەکان کرد کە دوور بکەونەوە و هەوڵی بلاوەپێکردنیان نەدەن.

یاسر عەبدلی گوتیشی: تا ئێستا حکوومەت و ئەنجوومەنی نوێنەران هیچ گرنگی بە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران نەدەن و تەنها بەڵێن دەدەن.

ئەو خۆپیشاندەرە گوتیشی: ڕێکخەرانی خۆپیشاندەران لە بەسرە ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی وەک قۆناغی دووەمی خۆپیشاندانەکان، بەندەری ئوم قەسر و کێڵگە نەوتییەکان دابخەن کە ئەو کارەش پارتە دەسەڵاتدارەکان لە ئەستۆی دەگرن، چونکە تا ئێستا داوکارییەکانی خۆپیشاندەرانیان جێبەجێ نەکردووە.

ناوبراو جەختیشی کردەوە لەسەر ئەوەی کە لە بەندەرەکە دوور ناکەونەوە تا ئەو کاتەی سیستەمی حکومڕانی لە ولاتدا نەگۆڕدرێت. ڕۆژی شەممە کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ئاشکرایکردبوو لە میانی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان هێزە ئەمنییەکانی عێراق و خۆپیشاندەران لە بەندەری ئوم قەسڕ لە پاڕێزگای بەسرە، 120 خۆپیشاندەر بریندار بوون. لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووە، عێراق ڕووبەڕووی شەپۆلێکی بەرفراوانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان بووەتەوە، شەپۆلی یەکەمی خۆپیشاندانەکان لە 1ی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا دەستی پێکرد و ماوەی هەفتەیەک بەردەوام بوو، شەپۆلی دووەمی خۆپیشاندانەکانیش لە ڕۆژی هەینی ڕابردووەوە دەستیان بە کۆکردنەوەی زانیاری کرد سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ماوەی ئەو خۆپیشاندانانەدا گیانیان لەدەستداوە و بریندار بوون.

ئێران: بەشداربیمان نەکردووە لە (پاراستنی) ئاسایشی ناوخۆی عێراق

وەزیری ناوخۆی ئێران، عەبدولڕەزا ڕەحمانی فازڵی ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بە هیچ جۆرێک بەشدارنەبووە لە (پاراستنی) ئاسایشی ناوخۆی عێراق لە کاتی ڕێوڕەسمەکانی ئەربەعین.

فازڵی لە میانی کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەو بەرپرسانەی ڕێوڕەسمەکانی ئەربەعین-یان لە تاران ڕێکخستبوو لەبارەی دەنگۆی بەشداربوونی هێزەکانی ئێران لە (پاراستنی) ئاسایشی ناوخۆی عێراق لە کاتی ڕێوڕەسمەکانی ئەربەعین دوا.

ناوبراو ئاماژەی بەوە دا کە ئەمساڵ بەمەبەستی بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمەکانی کەربەلا170 هەزار سەردانیکەری بیانی لە ئێرانەوە چوونەتە عێراق و گوتی: بەشداریمان نەکردووە لە (پاراستنی) ئاسایشی ناوخۆی عێراق. ئێران هیچ ڕۆڵێکی نەبووە لەمەدا. عێراقییەکان خۆیان ئاسایشی وڵاتەکەیان پاراستووە.

گوتەبێژی سوپای پاسدارانی ئێران، ڕەمەزان شەریف 10ی تشرینی یەکەم ڕایگەیاندبوو هێزی قودسی سەربە سوپای پاسداران لەگەڵ پۆلیسی عێراقی و حەشدی شەعبی ئاسایشی ئەو سەردانیکەرانەیان پاراستووە کە بەشداربیان لە ڕێوڕەسمەکانی ئەربەعیندا کردبوو لە عێراق.



ئەنجومەنی باڵای دادوەری سەبارەت بە دەستگیرکردنی عەبادی ڕوونکردنەوە دەدات

ئەنجومەنی باڵای دادوەری ئاشکرایدەکات، هیچ یاداشتێک بۆ دەستگیرکردنی حەیدەر عەبادی دەرنەکراوە و ناوبراو دەستگیر نەکراوە. ئەنجوومەنی دادوەری لە بەیاننامەکەدا ئامارژەی بەوەکردووە، ناوەندی میدیایی ئەنجوومەن، بەیاننامەیەکی هاوپەیمانێتی نەسریان بینیووە باسی لە هەوڵی ئابلۆقەدانی ماڵەکەی عەبادی کردووە و پرسیاریان لەبارەی بوونی یاداشتی دەستگیرکردنی لەلایەن دادگاوە کردووە، ئایا فەرمانی لەو جۆرە دەرکراوە یان نا، هەر بۆیە ئەنجومەنی باڵای دادوەری ڕوونیدەکاتەوە هیچ یاداشت و فەرمانێکی لەو جۆرەیان دەرنەکردووە. ئاشکراشی دەکات، ئەگەر هەر فەرمان و یاداشتێکی لەو جۆرە دژی هەر کەسێک دەربکرێت، لایەنی جێبەجێکاری فەرمانەکە، لایەنە پەیوەندار و تایبەتمەندەکانی وەزارەتی ناوخۆی عیراق دەبن کە لای هەمووان ناسراون و لە چوارچێوە یاساییەکەی خۆی دەرناچێت.

ڕێکخراوی ئاشتیی جیهانی و کۆمپانیای چینی:
دەمانەوێت دەرفەتی کار بڕەخسێنین و بەشداربین لە گەشەسەندنی هەرێم



ڕێکخراوی ئاشتیی جیهانی و کۆمپانیای چینی بۆ بنیاتنان، سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لە دیدارێکدا رایانگەیاند، دەیانەوێت بێنە هەرێمی کوردستان و بەشداریی کارا لە بنیاتنانی ژێرخانی ئابووریی هەرێمدا بکەن.

هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازی لە دکتور فەرهاد، سەرۆکی ڕێکخراوی ئاشتیی جیهانی و بەڕێز کارن، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای سی ئار سی بۆ بنیاتنان کرد. لە دیدارێکدا، دکتور فەرهاد، بەناوی شاندی میوانەوە سوپاسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرد کە هاوکار بوون بۆ دروستکردنی هەماهەنگیی نێوان ڕێکخراوەکەیان و دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم و ناساندنی کۆمپانیای سی ئار سی سی چینی بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم و کوردستانەوەی دەرگای بەسەریاندا و خستنەڕووی ئەو دەرفەتانەی کە لە ئارادان.

بەڕێز کارن، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ناوبراو ڕایگەیاند، ئەوان دەیانەوێت بێنە هەرێمی کوردستان و بەشداریی کارا بکەن لە بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و، داواشی کرد کە هاوکاریی زیاتر بکرێن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیان و هەمانگی لەگەڵ دامودەزگاکانی دەوڵەت و کۆمپانیا خۆماڵییەکان و، لەو ڕێگایەشەوە بتوانن خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوولا بکەن.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی، جەختی کردەوە کە ئەوان ئامادەی هەموو هاوکاری و ئاسانکارییەکن بۆ وەبەرهێنەران و کۆمپانیا بیانییەکان و دروستکردنی هەماهەنگیی بەهێز بۆیان لەگەڵ حکوومەت و خەڵکانی خاوەن بەرژەوەندی، تاکوو بتوانن لە ڕێگایانەوە خزمەت بە خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەن بەشداری بکەن لە بنیاتنانی ئابووریەکی بەهێز و باشترکردنی بژێوی و گوزەرانی خەڵکی.

هەر لە دیدارەکەدا، بەڕێز سیوەیلی بارودۆخی ئێستای ناوچەکە و عێراق و هەرێمی کوردستانی بۆ شاندی میوان ڕوون کردەوە و ڕایگەیاند، هەرێمی کوردستان سەقامگیرترین ناوچەی عێراق و باشترین ئاساییشی هەیە لە ناوچەکەدا، ئەمەش وای کردووە کە جێگایەکی گونجاو و پارێزراو بێت بۆ وەبەرهێنان. لە هەمان کاتدا هەرێمی کوردستان یاسایەکی مۆدێرنی وەبەرهێنانی هەیە، کە جێگای بڕوا و سەرنجی وەبەرهێنەرانی بیانییە، "ئێمە داواکارین کە ڕێکخراوی ئاشتیی جیهانی بتوانێت لە ڕێگای کاری ڕێکخراوەییان کۆمپانیا جیهانییەکان و وەبەرهێنەران بە کوردستان ئاشنا بکەن تاکوو بتوانن بینە بەشێک لە گەشەی ئابووری و ئەو سەرکەوتنانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هاتوونەتە کایەوە.



لە یادی 102 ساڵەی دا
بەریتانیا شانازی بە پەیمانی بەلفۆر و دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکات

خەبات- مەریوان نەقشەبەندی

ڕۆژی شەممەی ئەم مانگە 102 ساڵ بەسەر پەیمانی بەلفۆر تێپەڕی کە بەپێی ئەو وەعدە حکوومەتی ئەوکاتی بەریتانیا لە ڕێگەی وەزیری دەرەوەی ئارسەر جیمس بلفور، ساڵی 1917 پشتیوانی بە دروستکردنی دەوڵەتێک بۆ جووەکانی جیهان دەربڕی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەم بۆنەیەوە نوێنەری بەریتانیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا شانازی وڵاتەکەی بۆ ئەو بڕیارە میژوییە و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ جووەکان دووپاتکردەوە.

کارین بیرس نوێنەری بەریتانیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە بۆنەی یادی ئەم پەیماننامەیە و بەهۆی ئەوەی بەریتانیا سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی ئاسایش دەگرێتە دەست لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا گوتی: ئێمە شانازی دەکەین بەوەی توانیمان دەوڵەتێک بۆ زۆلمێکراوانی جوو لەو سەردەمەدا دروستبکەین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە هێشتا هەموو بڕگەکانی پەیماننامەی بەلفۆر جێبەجێ نەکراون، چونکە بەریتانیا پشتگیری لە دروستکردنی دوو دەوڵەت بۆ ئیسرائیل و فەڵەستینییەکان دەکات لەو ناوچەیەدا کە پێکەوە بە ئاشتی بژین. لە لای خۆیەوە گەورە بەرپرسێکی فەڵەستین، سائب عرێقات داوای لە بەریتانیا کرد ئەم بۆنەیە بکاتە هەڵێک بۆ چەرکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی فەڵەستینی لەسەر خاکی خۆی کە هەموو جیهان دانی پێدا بنێت. عرێقات هەروەها گوتیشی: بەریتانیا بەرپرسیاریەتی سیاسی و ئەخلاقی ئەو پەیماننامەیە و لێکەوتەکانی دەکەوێتە ئەستۆ و پێویستە داوای لێبوردن لەگەلی فەڵەستین بکات کە بەهۆی ئەو پەیماننامەیەی بەلفۆر چەند زوڵم و زیان بە گەلەکەمان کەوتووە، بەڵام کارین بیرس سەرۆکی دیپلۆماسییەتی بەریتانیا لە نەتەوەیەکگرتوەکان هەر جۆرە داوای لێبوردن و پەشیمانییەکی وڵاتەکەی لەسەر پەیماننامەی بلفۆر و دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕەتکردەوە.

تورکیا... ئەگەر زۆرە جیابوونەوەیەکی زۆر گەورە لەناو ئاکەپەدا دروست ببێت
13 ئەندام پەرلەمانی دیکەی ئاکەپە بەنیازن دەست لەکار بکێشنەوە



لەناو ئاکەپەدا دەنگی ناڕەزایی زۆر بەرز بووەتەوە، بە تایبەت دوای ئەوەی ئەحمەد داودئۆغلو و عەلی باباجان بڕیاریان دا بە جیا دوو پارتی تازە دابمەزرێنن، ئەو دەنگە ناڕازییانەش دەیانەوێت بچنە ناو پارتەکەی ئەو سەرکردەیەی پێشووتر یەکێک بوونە لە دامەزرێنەرانی ئاکەپە. بە گوێرەی زانیارییەکان 13ئەندام پەرلەمانی ئاکەپە بەنیازن دەست لەکار بکێشنەوە.

ئاژانسی (تەرەفسس)ی تورکی، لە هەواڵێکدا ئاشکرای دەکات، ئەحمەد داودئۆغلو سەرۆک وەزیرانی پێشووتری تورکیا، کە ئێستا بەنیازە پارتە تازەکەی ڕابگەیەنێت لەگەڵ13 ئەندام پەرلەمانی ئاکەپە دانیشتووە و ئەگەر زۆرە هەر 13 ئەندام پەرلەمان واز لە ئاکەپە بهێنن.

بەرپرسێکی سەر بە ئاکەپە کە نەیویستووە ناوی خۆی ئاشکرا بکات، بۆ ئەو ماڵپەڕ ئاشکرای دەکات کە لە مانگی 11دا لەناو ئاکەپە دەست لە کارکێشانەوە زۆر دەبێت و جیابوونەوەی بەرپرسان زیاتر دەبێت.

ئەو بەرپرسە ئاماژە دەدات: "دوای ئەوەی مستەفا یەنەرئۆغلو ئەندام پەرلەمانی ئاکەپە دەستی لە کارکێشایەوە، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا 3 ئەندام پەرلەمانی تری سەر بە ئاکەپە دەست لەکار دەکێشنەوە. بە دوای ئەواندا 10ئەندام پەرلەمانی تر دەست لەکار دەکێشنەوە.''

ماڵپەڕی ناوبراو ئاشکرای دەکات، داودئۆغلو ماوەیەکە لەگەڵ بەرپرسە تۆراوەکانی ئاکەپە دادەنیشێت و گفتوگۆ لەبارەی پارتە تازەکەیەوە دەکەن، بۆیە ئەگەر زۆرە بە ڕاگەیاندنی پارتەکەی، بە تێکڕا 20 ئەندام پەرلەمانی سەر بە ئاکەپە لەناو پەرلەمان دەست لەکار بکێشنەوە و بچنە ناو فراکسیۆنی پارتە تازەکەی داودئۆغلو.

لە لایەکی ترەوە، عەلی باباجانیش یەکێکیترە لەو سەرکردانەی پێشتر لە ئاکەپە بووە و ئێستا بەنیازە پارتێکی تازە دابمەزرێنێت، وەکو ئەوەی ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا باسی دەکەن، باباجانیش 20 ئەندام پەرلەمانی ئاکەپەی لەگەڵدایە. ئەگەر زۆرە جیابوونەوەیەکی زۆر گەورە لەناو ئاکەپەدا دروست ببێت، بەمەش پێگەی ئاکەپە لاواز دەبێت و ئیدی نابێتەوە ئەو پارتەی لە 2002 هاتە ناو مەیدانی سیاسەتەوە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان.. مانگی ڕابردوو 87 کەس دەستگیر کراون
لەو ماوەیەدا 3 ژن، 4 خوێندکار و 2 پارێزەر دەستبەسەر کراون



لە مانگی ڕابردووی زایینیدا لانیکەم 87 هاوواڵتیی کورد بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی، مەدەنی و کرێکاری لەلایەن دامودەزگا ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون. بەپشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە ماوەی مانگی تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر) لانیکەم 87 هاوواڵتیی کورد لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە لە شارە جیاجیاکانی کوردستان دەستبەسەر کراون. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، لەو ماوەیەدا 3 ژن، 4 خوێندکار و 2 پارێزەر دەستبەسەر کراون.

جیاکردنەوە بەپێی تۆمەتەکان:

چالاکوانانی سیاسی: 83 کەس کە دەکاتە زیاتر لە 95ی کۆی حاڵەتەکان.

چالاکوانانی مەدەنی: 3 کەس کە دەکاتە زیاتر لە 3ی کۆی حاڵەتەکان.

چالاکوانانی کرێکاری: 1 کەس کە دەکاتە 1ی کۆی حاڵەتەکان.

جیاکردنەوە بەپێی پارێزگاکان:

پارێزگای سنە: 25 کەس.

پارێزگای ورمێ: 30 کەس.

پارێزگای کرماشان: 21 کەس.

پارێزگای لوڕستان: 1 کەس.

پارێزگای ئیلام: 1 کەس.

ئەو هاووڵاتییانەی زەوییەکانیان دەکەوێتە بەر شەقامی 150 مەتری قەرەبوو دەکرێنەوە

سەرۆکی شارەوانیی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، شارەوانی بە مەرج و بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان قەرەبووی ئەو هاووڵاتیانە دەکاتەوە، کە داوای قەرەبوویان کردووە لە حکوومەت لەبری ئەو زەوییانەی کە دەکەونە بەر شەقامی150 مەتریی هەولێر. سامان محەمەد، ڕایگەیاند: لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆژەی150 مەتری، لە ڕێگای قایمقامییەتەوە ڕامانگەیاندبوو، ئەو هاووڵاتیانەی کە زەوییان بەر شەقامەکە کەوتووە، با سەردانی سەرۆکایەتیی شارەوانی بکەن بۆ ئەوەی حکوومەت لە دۆسیەکەیان بکۆڵێتەوە کە ئەگەر کەیسەکەیان یاسایی بوو، ئەوا قەرەبوو دەکرێنەوە. سەرۆکی شارەوانیی هەولێر ئاماژەی بەوەشدا: ئێمە وەک شارەوانی دەیێت بزانین ئەو کەسەی داوای قەرەبوو دەکاتەوە، یان جۆری زەوییەکەی چییە، کە ئایا زەویی کشتوکاڵییە یاخود مووڵکە و یانیش گرێبەستی کشتوکاڵییە، چونکە ئەو کەسانەی مەرجە یاساییەکانیان تێدا نەبێت، یاخود پێشتر زەوییەکە مووڵکی حکومەت بووبێت و بە شێوەیەکی کاتی بەکاری هێنابێت، ئەوە قەرەبوو نایانگرێتەوە، بۆیە ئێمە بە گوێرەی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەت قەرەبووی دەکەینەوە.

بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری سەردانی ناسر حەسەن و جان تۆماس دەکات



لە درێژەی بەسەرکردنەوەی ماڵی نووسەران و هونەرمەندان، د. سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان سەردانی ماڵی هونەرمەند و دەرهێنەری بەناوبانگ ناسر حەسەنی کرد.

لە دیدارێکدا وێڕای بەرز نرخاندنی ڕۆڵی میژوویی ناسر حەسەن لە بواری دەرهێنانی دراما کوردیدا، بریکاری وەزارەت هیوای پتر بەخشش و داهێنانی بۆ خواست.

پاشان د. سالار سەردانی ماڵی هونەرمەندی دێرینی بواری مۆسیقا و گۆرانی کرد و مێژووی کارەکانی بەرز نرخاند و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

لە هەردوو دیدارەکەدا گۆران حوسێن بەڕێوەبەری تیپ و سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان ئامادە بوو، بریکاری وەزارەت هەموو پشتگیرییەکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ کار و داهێنانە هونەری و ڕۆشنبیرییەکان دووپات کردەوە.

بەڕێسی 16:
ئافرەتان و قوتابیان پێشەنگی خەبات و داهێنان و بونیادنانن



گیروگرفت و ئەو کەم و کوڕیانەی بوونەتە لەمپەر لەبەردەم باشتر بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکانیان بە ئامانجی زیاتر خزمەتکردنی هەردوو توێژی قوتابیان و ئافرەتان و تەواوی چین و تووێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگاکەمان.

بەمەبەستی خستنەڕووی دواپین ڕووداو و پێشهاتەکان و گفتوگۆ کردن لەسەر کارنامەی ڕێکخراوەکانیان و چارەسەرکردنی تەواوی ئەو کێشە و گیروگرفتانەی کە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم زیاتر پێشخستنی کارەکانیان، بڵند ئیسماعیل بەڕێسی لقی 16 بەئامادەبوونی خاتوو سامیە شێروانی کارگێڕی لق لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای ئافرەتانی دەوروبەر و ستافی ناوەندی چالاکییەکانی ئەنجوومەنی ئافرەتانی دەوروبەر و ستافی لقی هەولێری دەوروبەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ستافی ناوچەکانی سەر بە لقی دەوروبەر کۆبۆوە. لەدەسپێکی کۆبوونەوەکەدا بەڕێسی لقی 16 ئاماژەی بەڕۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی هەردوو ڕێکخراوەکە دا و لەقۆناغە سەخت و دژوارەکانی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی میللەتەکەماندا کە هەمیشە بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبردوویەوە و بەهەستکردن بە بەڕێسیارێتی نیشتیمانی و نەتەوەییەوە لە پاڵ ئەرکی ڕێکخراوەییان بەشداری کارایان هەبووە لە خەبات و تێکۆشان لەپێناو ڕزگاری نیشتیمان و نەتەوەکەیان و لەهەموو قۆناغەکانیشدا پێشەنگی خەبات و داهێنان و بونیادنان بوونە. لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا کارنامەی کاری ڕێکخراوەکان خرانە بەر باس و گفتوگۆی تێر و تەسەلیان لەسەر کرا لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان و بەدیهێنانی داخوازییەکانیان.

هەولێر.. ڕوونکردنەوەیەک لە بارەی خشتەی پێدانی کارەبا

سەرۆکی لیژنەی مۆلیدە ئەهلییەکانی پارێزگای هەولێر ئاماژە بەوە دەدات، کارەبای مۆلیدە و نیشتمانی بەیەکەوە دەتوانن 24 کاتژمێر کارەبا بۆ هاووڵاتیان دابین بکەن. ئەندازیار قارەمان مەولوود، سەرۆکی لیژنەی مۆلیدە ئەهلییەکانی پارێزگای هەولێر وتی: هەر کاتێک کارەبای نیشتمانی بڕا، مۆلیدە ئەهلییەکان پابەند دەبن بەپێدانی کارەبا ، بەمەش بڕی کارەبای هاوڵاتیان دەکاتە 24 کاتژمێر. ئەوشی خستە ڕوو: بۆ مانگی 10پارەی کاتژمێرێک کارەبای مۆلیدە بە 45 دینار دیاری کراوە، کۆی پارەکەش لە 4 هەزار و 500 دینار تا 6 هەزار و 250 دینارە.

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەبارەی ڕاوکردن ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە



دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ڕێزی هەرێمی کوردستان لەبارەی ڕێگەدان بە ڕاوکردنی باڵندە و ئاژەڵی کێوی ڕوونکردنەوە دەدات کە بە چەند مەرج و ڕێنماییەک و لە چەند کاتێکی دیاریکراوی ساڵدا دەبێت.

حەمەشوان حەمەکەریم، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی ڕاپەڕین دەڵێ: بەپێی ڕێنماییەکانی تایبەت بە ڕاوکردن و پاراستنی ئاژەڵی کێوی و باڵندەکان، تەنها ئەو ڕاوچییانە دەتوانن ڕاو بکەن کە مۆڵەتیان لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم وەرگرتووە. گوتیشی: ئەو ڕاوچییانە تەنها بۆ ڕاوکردنی (کەو و سوێسکە) کە دەبێت بە (داو) و لە ماوەی مانگی (6/1 بۆ 7/1) و (1/ 12 بۆ1 /2) بێت و کەرۆشک کە دەبێت بە تانجی بێت لە مانگی (10/1 بۆ 2/1) بێت، ڕێگەیان پێ دەدرێت.

حەمەشوان کەریم باسی لەوەش کرد: ئەو ڕاوچیانە پێوستە مۆڵەتی یاسایی لە دەستەکە وەربگرن و لەکاتی ڕاوکردندا (تفەنگ و تەقێنەرەوەکان و قرکەرەکان و ژهەرەکان و تەزووی کارەبا) بەکار نەهێنن، هاوکات لە ناوچە پارێزراوە سروشتییەکان و لە وەرزەکانی زاوزێ و سەرکانیان و چەم و ڕووبارەکان ڕاو نەکەن.

وارماوا.. جێبەجێکردنی دوو پرۆژەی ئاوەڕۆ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژە بەوە دەدات، لە شارۆچکەی (وارماوا)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی دوو پرۆژەی ئاوەڕۆ جێبەجێ کران.

ڕۆژی 3/11/2019 بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانییەکانی سلێمانی ڕاگەیاندراوێکدا بڵاویکردەوە، تێیدا هاتووە: لە بەردەوامیی کاروچالاکییەکانی سەرۆکایەتیی شارەوانیی وارماوا بە یارمەتیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانییەکانی سلێمانی، دوو پرۆژەی ئاوەڕۆ لە شارۆچکەکەدا جێبەجێ کران .

باس لەوەش کراوە: پرۆژەکان بریتی بوون لە: ئاوەڕۆی گوندی قەرەگۆزلی سەروو بە درێژیی هەزار و 508 مەتر و بە بڕی97 ملیۆن دینار، هەروەها ڕاکێشانی چەند ئاوەڕۆیەک و بەستنەوەی بە ئاوەڕۆی سەرەکی بۆ چەند گەڕەکێک لەناو شارۆچکەی وارماوا بە درێژیی 428 مەتر و بەبڕی 24 ملیۆن دینار لەسەر بووجەی پارێزگا ـ نەوت بەرانبەر بەخۆراک لەلایەن شارەوانیی وارماواوە سەرپەرشتی کرا.

بەڕێسێ لقێ ل ڕەوشا ساخلەمیا کادرەکێ دێرین دپرست



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنی سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ب یاوەریا کارگێرێن لقێ سەرا کادر و پێشمەرگێ دێرین و پێشکەفتی محەمەد محسن ئامیدی دا، ب نێرینەکێ قە هایداری ڕەوشا وی یا ساخلەمی بوو، ئاماژەبونا خوە ژی ژ بۆ هەر پێتقیەکا هەیی بۆ باشتربوونا تەندروستیا وی دیار کر، ژلایێ خوڤە ژی محەمەد محسن سوپاسیا بەرپرسێ لقێ و شاندێ دگەلدا کر ژ بو ڤێ سەردانێ کو هاتنا هەوە ڕەوشا من باشتر لێ کر.

زاخو .. سێیەمین کونفرانسێ ڤەکولینێن کوردی هاتە سازکرن



ئەنستیتوتا کوردی ل پاریس ب هەڤکاری دگەل هەردوو زانکویێن زاخو و کویە سێیەمین کونفرانسێ نیڤ دەولەتی یێ ڤەکولینێن کوردی سازکر. دڤی کونفرانسێدا یێ بو ماوەیێ چوار ڕوژان دی بەردەوام بیت و چەندین سیمینار و بابەتێن جودا ل دور زمان و ئەدەبیات و دیروکا کوردی ژ لایێ هەژمارەکا پسپور و ئەکادیمیێن کورد و بیانی ڤە ل هەردوو زانکویێن زاخو و کۆیە ئێنە پێشکێشکرن. سەروکێ زانکو یا زاخو دکتور لەزگین عەبدی گرنگی یا ڤی کونفرانسی ژ بو خزمەتکرن و گەشەکرنا ڤەکولینێن کوردی دواڕێن جودا دا بەرچاڤ کر، و هەروسا ئاماژەکرە گرنگی یا بەشداریا هەژمارەکا بەرچاڤ ژ زانا و ئەکادیمیێن بیانی ژی دڤی کونفراسی دا کو بەرهەڤکرن دا کو ل پاشەرۆژی کار ل سەر بێتە کرن ژ بو پتر خزمەتکرنا ڤەکولینێن کوردی.

سەروکێ ئەنستیتویا کوردی ل پاریس کەندال نەزان دیارکر، ڕاپورتەکا تایبەت ل دور ئەنجامێن کونفرانسی دێ ئێتە بەرهەڤکرن دا کو ل پاشەرۆژی کار ل سەر بێتە کرن ژ بو پتر خزمەتکرنا ڤەکولینێن کوردی.

لە ماوەی مانگێکدا 51 تۆن مەواد و خۆراکی ماوەبەسەرچوو لە سلێمانی لە ناو براون

لە ڕاگەیەندراوێکدا لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامییەتی سلێمانی ئاماری مانگی (10)ی بۆ ڕای گشتی بڵاوەکاتەوە و بە پێی ئامارەکە لەماوەی ئەو مانگەدا لیژنەکان زیاتر لە (4) هەزار شوێنیان بەسەرکردووەتەوە و (34) شوێنیشیان داخستووە.

بەپێی ئامارەکەی لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامییەتی سلێمانی لە مانگی (10) تشرینی یەکەمدا لیژنەکان سەردانی (4) هەزار و (48) شوێنیان کردووە و لە پابەند بوون و جێبەجێ کردنی مەرج و ڕێنماییە تەندروستییەکانیان کۆڵیوەتەوە، لە کۆی گەڕان و بەسەرکردنەوەکانیان، بەهۆی پابەندنەبوون بە مەرج و ڕێنماییە تەندروستی و ڤێتێرنەرییەکانەوە (484) شوێن پسولەی سەرپێچی بۆ کراوە و (487) شوێنیش ئاگادار کراونەتەوە کە پابەندی مەرج و ڕێنماییەکان بن.

بەهۆی جۆرەکانی سەرپێچیشەوە (34) شوێن داخراون و (27) شوێنیش بەهۆی ئەو سەرپێچیانەی کە کردوویانە ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە.

لە ئامارەکەدا هاتووە، لە مانگی (10)دا بڕی (51) تۆن مواد و خۆراکی ماوەبەسەرچوو لە ناوبراوە، کۆی گشتی پارەی غەرامەکراویش لەو مانگەدا بریتییە لە (29) ملیۆن و (150) هەزار دینار کە بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی هەرێم دەخرێتەوە سەر داهاتی گشتی.

بەراورد بە مانگی (9) سەرەڕای ئەوەی سەردانەکان زیادیان کردووە، بەڵام بڕی خۆراک و شمەکی تەلەفکراو کەمیکردووە. هەرچەندە لە مانگی ئەیلولدا (57) داخستن و (439) سەرپێچی هەبووە، بەڵام لە مانگی (10)دا داخستنەکان بوون بە (34) و سەرپێچییەکان گەیشتونەتە (484) حالەت.

بە پێی ڕێنماییەکانی لیژنە هاوبەشەکان هەرشوێنێک پابەند نەبێت، سەرەتا ئاگادار دەکرێتەوە، دواتر سزای مادەی دەدرێن و لە ئەگەری دووبارەکردنەوەی سەرپێچیەکاندا ڕووبەڕووی داخستن یان دادگا دەکرێنەوە.

ئاوات محەمەد قائیمقامی سلێمانیش ئاماژەی بەوە کرد ئامانجی لیژنە هاوبەشەکان ئەوەندەی بۆ پێدانی ڕێنمایی و ناچارکردنی شوێنەکانە بە پاراستنی مەرجە تەندروستییەکان، ئەوەندە ئامانجی سزادانی ئەو شوێنانە نییە، گوتیشی تادێت ڕێژەی پابەندبوونی هەموو شوێنەکان بە جێبەجێردنی مەرج و ڕێنمایە ژینگەیی و تەندروستییەکانەوە زیاتر دەبێت و هۆشیاریش لای هاوڵاتیان زیاتر بووە بەوەی لەکاتی بینینی هەر سەرپێچییەک ڕاستەوخۆ لیژنە هاوبەشەکانی لێ ئاگادار دەکەنەوە.



دوو هەزار شوێنی زێڕینگەری لە هەرێمی کوردستان هەیە

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆری خشڵ: لە هەولێر 578 مۆڵەت دراوە بە دوکانەکانی زێڕینگەری، 94 مۆڵەتیش دراوە بە شوێنی چاککردنەوەی زێڕ



خەبات: هەولێر

لە هەرێمی کوردستان هەزار و 700 دوکانی زێڕینگەری و 285 شوێنکاری چاککردنەوەی زێڕ هەیە و لە ماوەی رابردووشدا بە هۆی بارودۆخی ناوچەکە ئاستی هاوردەی زێڕ بۆ هەرێمی کوردستان کەمیکردووە و زێڕینگەرێکیش ئامادە بەوە دەکات کە خەڵک زیاتر خواستی لەسەر فرۆشتن هەیە تا کڕین و ئەمەش بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی هاوردەکردن.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری خشڵ لە وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەکر عەزیز سەبارەت بە ژمارەی مۆڵەتەکان لە هەولێر گوتی: "لە هەولێر 578 مۆڵەت دراوە بە دوکانەکانی زێڕینگەری، هەروەها 94 مۆڵەتیش دراوە بە شوێنکاری چاککردنەوەی زێڕ کە بریتین لە حەوت مۆڵەتی زێڕی بە کۆمەڵ، 56 مۆڵەتی وەرشەی سەربەخۆ، 15 مۆڵەتی وەرشەی پێشکەوتوو، 13مۆڵەتی چاپی لیرە و دوو مۆڵەتی پالاوگە".

بەکر عەزیز گوتیشی: "لەم ڕێژەیەش، 43 مۆڵەتی دوکانی زێڕینگەری، دوو مۆڵەتی وەرشەی پێشکەوتوو، سێ مۆڵەتی چاپکردنی لیرە و هەشت مۆڵەتی وەرشەی سەربەخۆ لە ئەمساڵ دراون بە خاوەنکاران".

هاوکات بەڕێوەبەری کوالێتی کۆنترۆڵی جۆری دهۆک، عەبدولخالق عەبدولستار سەرحان گوتی: "لە پارێزگای دهۆک بە گشتی 481 مۆڵەت دراوە بە دوکانەکانی زێڕینگەری و 99 مۆڵەتیش دراوە بە وەرشە جۆراوجۆرەکان و 18 مۆڵەتیش دراوە بە کارگە".

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری خشڵ لە پارێزگای سلێمانی، 650 مۆڵەت دراوە بە دوکانەکانی زێڕینگەری و 93 مۆڵەتیش دراوە بە وەرشە جۆراوجۆرەکان.

گوتەبێژی سەندیکای زێڕینگەران، وشیار یاسین گوتی: "لەئێستادا ئاستی هاوردەکردنی زێڕ کەمیکردووە بە هۆی بارودۆخی ناوچەکەوە زیاتر هەنارەدە دەکرێت بۆ دەرەوە و خەڵک زیاتر دەبەوێت پارەی دست بکەوێت و هەر یەک لە تورکیا و دوبەی زۆرترین هەنارەدەکردن و هاوردەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبووە، بەڵام ئێستا هەنارەدەکردن لە هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا و دوبەی زیاترە".

لەبارەی جۆری زێڕ و ڕێژەی هاوردەکردن و هەنارەدەکردن بۆ هەرێمی کوردستان، وشیار یاسین گوتی: "پێشووتر مانگانە پێنج تا حەوت تۆن زێڕ هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرا ئێستا زۆر کەم بووەتەوە و مامەڵەکردن بە زێڕ وەک جاران گەرم نییە، ئێستا هەر لە تورکیا و دوبەی هەنارەدەکردن و هاوردەکردن هەیە، بە پلە یەک زێڕی خەلیجی و دواتریش زێڕی تورکی زۆر باوە".

وشیار یاسین گوتیشی: "ئابووری پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، بۆیە نرخەکانیش بەپێی بابەتی سیاسیی گۆڕانکاریان بەسەردا دێت. لە عێراق، زێڕی عەیار 21 باوە و لە وڵاتی ئێرانیش زێڕی عەیار 18 باوە، ئەمە پەیوەندی بە دیمۆگرافیاوە هەیە".

لەبارەی ژمارەی عەیارەکان و جیاوازییەکانییان، وشیار یاسین گوتی: "لە زێڕدا چەند عەیار بەرزبێتەوە، ئەوەندە ڕێژەی ماددەی سفر (مس) لە زێڕەکەدا کەمترە و پێچەوانەکەیشی ڕاستە، سالانەش لە مانگی بەهار بەدواوە مامەڵەی زێڕ گەرم دەبێت بە هۆی ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری".

زۆری تێچووی نەخشاندن کە هەقدەستیشی پێ دەڵێن زۆرجار دەبێتە گلەیی و نەخشاندنەکە لە ئێمە وەردەگرێن، کەواتا ئەگەر پارچەیەک خشڵ ٣٠٠ دۆلار هەقدەست وەرگرین ئەوا 200 دۆلارمان لە دوبەی داوە، بۆیە ئەو نرخە ئێمە دیاری ناکەین و دەمێنێتەوە سەر کارگەکان".

لەبارەی هەبوونی زێڕی ساختە لە بازاڕەکاندا، وشیار یاسین گوتی: "زێڕی ساختە لە بازاڕ زۆرە، زێڕی ئەو وڵاتانەی کە وەزارەتی پلاندانانیان باشە ئەوا کێشەی نییە، بەڵام زێڕی عێراق کێشەی هەیە و بەناوی عەیار 21 دەیکڕین و پاشان بە عەیار 18 دەردەچێت و ئەمەش ئێمە تووشی گرفت دەکات بۆیە زێڕی عێراق بەبێ پشکنین ناکڕین".

وشیار یاسین: زێڕی عێراق کێشەی هەیە، بەناوی عەیار 21 دەیکڕین، پاشان عەیار 18 دەردەچێت







گوتەبێژی سەندیکای زێڕینگەران: پێشووتر مانگانە 7-5 تەن زێڕ هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرا، بەڵام ئێستا زۆر کەم بووەتەوە

کۆیە .. پێگەیەکی شوێنەواری گرنگی لەبیرکراو ..

مێژووی هەزاران ساڵ مەترسی ونبوونی لێدەکرێت



ئا: کەنعان بەهادین

کۆیە، یاخود قەزای کۆیە، یەکێکە لەو قەزایانەی سەر بە پارێزگای هەولێرە، هەڵکەوتەی جوگرافی دەکەوێتە نێوانی هەر سێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک)، قەزای کۆیە لە پێنج ناحیە پێکهاتووە (تەق تەق ، ئاشتی ، شۆڕش ، سکتان، سێگردکان) .

لە رۆژهەڵات و باشووری کۆیەوە، رووباری زابی خواروو لە سلێمانی و کەرکووک جیای دەکاتەوە ، لە باکووری رۆژهەڵاتیش چیای هەیبەت سوڵتان دەردەکەوێت ، لە رۆژئاواوەش چیای باواجی هەیە ..

لە بەیانییەکی باراناوی ئەم چەند رۆژەی رابردوو گەیشتمە کۆیە، لەوێ کولێرە بە ڕۆن و پەنیر و ماستی مەڕ و کەرە و ژاژی و هەنگوینیان بۆ هێناین، لەگەڵ چایەکی بە رەنگی تایبەتی کۆییان، لەبەردەم دێمەنی دڵڕفێنی هەیبەت سوڵتان و باواجی نانی بەیانیمان خوارد، پاشان بە پرسیار گەیشتینە نێو بازاڕی قەیسەری کۆیە، کاتێ گەڕانێکم بەنێویدا کرد، کۆمەڵێک شوێنەواری گرنگی نێو قەیسەری کە هەمووی خانووی بەگزادە و ئاغاکانی کۆییەکان بوون و کە لە سەردەمی زوو لەو حەسارانەدا ژیانیان بەسەر بردووە ، کاتێک هەندێکیان لەلایەن عوسمانییەکانەوە دروست کرابوون ، هەندێکیشیان نەقش و نووسینی فارسی بەسەرەوە بوو، بەڵام بە داخەوە وێڕای ئەوەی ئەو شوێنە لەبەرچاوی سەردانیکەران ونە، هەر هەموو وێرانە و داروخاون ، کە جێگەی خەم و نیگەرانی من بوو ..

من ئەو وێنە و داوایەم دەخەمە بەردەمی لایەنی پەیوەندار لە بەرپرسانی گەشتوگوزار و شوێنەوار، کە پێویستە بە زووترین کات بگەنە ئەو شوێنە نایاب و گرنگە، کە پڕبوو لە خانووی ڕووخا و گۆزە و دەرگاو پەنجەرەی نایاب ، بریا تابلۆیەک هەبا بمزانیبا کە ئەو شوێنە گرنگانە ناویان چیە، یاخود بەلای کەم ، پاکسازی تێدا بکەن و پاکی بکەنەوە ، پێشی لێبگرن لە نەمان و تابلۆی زانیاریشی تێدا هەڵبواسن ..



نەبوونی پێنج ملیۆن دینار.. هەڕەشەی لەدەستدانی چاوەکانی نووسەرێک دەکات

هێمن عوسمان حەمە ڕەشید، ناسراو بە هێمن بەرزنجی خاوەنی نۆکتێبی چیرۆک و شیعرە، ئەو ئێستا بەهۆی نەخۆشییەوە تووشی خوێنبەربوونی بەردەوامی چاوەکان بووەو بەپێی ئەو ڕاپۆرتە پزیشکییەی کۆپییەکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات هاتووە، هێمن بەرزنجی لە ئێستادا پێویستی بە نەشتەرگەرییەک هەیە لە نەخۆشخانە ئەهلیەکانی کوردستان و بڕی پێنج ملیۆن دینار تێچووی نەشتەرگەرییەکەیەتی.

ئەو نووسەرە کە خاوەنی 13 خەڵاتی شیعرنووسینە، لە شاری سلێمانی دادەنیشێت و لە ڕێگەی ڕۆژنامەی خەباتەوە داوا لە بەرپرس و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات هاوکاری بکرێت و مەترسی لەدەستدانی چاوەکانی هەیە، بۆ ئەم مەبەستەیش هەر کەس و لایەنێک بیەوێت هاوکاری هێمن بەرزنجی بکات دەتوانێت لە ڕێگەی ڕۆژنامەی خەبات و بە ژمارە تەلەفۆنی 07504965013 زانیاری زیاتر وەربگرێت و هاوکارییەکانی بگەیەنێتە ئەو نەخۆشە.

دیمانەیەک لە کتێبی (کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری رووناکبیرانی شاری سلێمانی) لەگەڵ پرۆفیسۆر د.مستەفازەڵمی

پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی: بارزانی هەموو ژیانی بۆ کوردایەتی تەرخان کرد، هەتا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد زۆر بە دڵسۆزانە هەوڵی دەدا بۆ نەتەوەی کورد، هەموو توانای خۆی و ژیانی خۆی لە ڕێگەی کورد کوردایەتیدا بەخت کرد





2 وکۆتایی



زانیار سەردار قرەچیی

پێشەکی

خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی، یەکێکە لەو کەسایەتییە ئایینییە گەورانەی کورد، کە پێگەیەکی بەهێزی لەنێوەندی زانستی و ئایینی و یاساییدا هەیە و ڕۆڵێکی کارا چالاکی گێڕاوە بە نووسین و ڕاژەگوزارییە کەم وێنەییەکەی، لەپێناو هۆشیار کردنەوە تێگەیاندنێکی ڕاستەقینەی خەڵکی، لە بواری ئایینی پیرۆزی ئیسلام و یاسا شەرعدا. وەک زانای بەرز هەڵکەوتووی کورد لە بواری یاسا شەریعەتدا، نەتەوەی کورد زۆرێک لە عێراقییەکان شانازی پێوە دەکەن بانگەوازە زۆر بوێرانەکانی و زانستە بەنرخەکەی بەرز هەڵدەسەنگێنن بەهەند وەری دەگرن.

*** باپێنە سەر چەند پرسێک پەیوەست بە بارزانییەوە. سەرەتا چۆن ناوی بارزانی و بارزانییەکانت بیست، یا چۆن و لە ڕێگەی کێوە ئاشنایەتیت پەیدا کرد ئاشنایان بوویت؟**

– سەردەمانی پێشوو ئێستاش ناوی بارزانی و بارزانییەکان لەناو کورد کوردەواریدا زۆر ئاشکرا بوو، هەموو گەورە بچووکی کورد لەو سەردەمەدا ڕێزیان دەگرتن بەڕێزەوە باسیان دەکردن، چونکە دەیانزانی کە ئەوان دڵسۆزی کوردن بە هەموو جۆرێ هەوڵ بۆ مافی گەلی کورد بۆ پاشەڕۆژ ئایندەیەکی گەش بۆ نەتەوەی کورد ئەدەن، بەڵام ناسراویم بە شەخسی یا ئاشنایەتیم لەگەڵ جەنابی مەلا مستەفا بارزانی، لە دوو خاڵدا چڕ دەکەمەوە، کە پەیوەندیم هەیە پێوەی، ئەو کاتە من لە جەیشدا بووم ئیمامی فەوج بووم.

یەکەم: کاتێک لە ڕووسیاوە بۆ بەغدا گەڕایەوە، لە شاری بەغدا عەبدولکەریم قاسم تاقمە خانوویەکی باشی دابووە، بە خۆی و پاسەوانەکانی لەبەرامبەر ئێزگەی بەغدا لەوێ نیشتەجێ بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کە خانووەکان بەشیانی نەدەکرد، داوای کرد کە هەندێک خێمەی عەسکەری بدرێتێ بۆ پاسەوانەکانی لەناو خانووەکانیدا، ئەو کارەیان ئاراستەی لیوای ئێمە کرد، کە وەختی خۆی (لیوای عەبدولکەریم قاسم) بوو، ئێمە لە سەکەنەی پاسەوانیی کۆماری بووین، لەوێ ئامر فەوجەکەمان بە منی گوت: هەندێک خێمە دەنێرین بۆ جەنابی بارزانی بۆ پاسەوانەکانی، بەڵکوو تۆ بۆی بەری، ئیتر منیش خێمەکانم برد لە خزمەتی بارزانیدا دانیشتم وێنەیەکیشم بۆ یادگاری لەگەڵیدا گرت بارزانیش فەرمانی کرد کە پسوولەیەکم بدەنێ کە ئەوان خێمەکانیان لە من وەرگرتووە، بەداخەوە ئەو وێنەمان لەناو برا فەوتا، بەڵام ماوەیەکی زۆر لە خزمەتیدا مامەوە، کە زیاتر لە دوو کاتژمێر دەبوو، جا ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو کە گفتوگۆم هەبووبێ لەگەڵیدا.

خاڵی دووەمیان: ئەوەیە کە لە ساڵی 1963 لەدوای کەوتنی عەبدولکەریم قاسم کودەتاکەی کرا بە سەریدا لە لایەن عەبدولسەلام عارف هاتە حوکم، عەبدولسەلام داوای لە (موحسن حەکیم) کردبوو کە مەرجەعی شیعەکانی هەموو عێراق بوو لە شاری نەجەف دانەنیشت، داوای لێ کرد کە فتوایەک دەر بکات بۆ کوشتنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد خوێنیان حەڵاڵ بکات، لەبەر ئەوەی میللەتی کورد لە دین وەرگەڕاوە لە ئایینی ئیسلام چووەتە دەرەوە، جەنابی مەلا مستەفا یەکێکی نارد بۆ لای من گوتبووی بە زووترین کات دوو کەس پەیدا بکات لەگەڵ خۆی بیانبات بچن بۆ لای (سەید موحسن ئەلحەکیم) تێی بگەیەنن کەوا ئێمەی کورد زۆر پەیوەندیمان بە ئایینی ئیسلامەوە هەیە هیچ گۆڕانکاری و لادانێکمان نەبووە لە ئایینی ئیسلامدا، کە عەبدولسەلام دەیەوێ ئەو فتوایە بەو بدات کوشتنمان حەڵاڵ بکات. منیش دوو کەسی ترم پەیدا کرد، کە ئەوانیش هەردووکیان ئیمامی جەیش بوون، یەکێکیان دکتۆر محەمەد شەریف، کە خەڵکی هەولێرە ئەوی تریشیان کە کاک حەمە عەلی مەلا محەمەد ڕەئیس کە خەڵکی گەلاڵەیە ئەویش ئیمام بوو، هەرسێکمان جل بەرگی ئیمامەتیمان لەبەر کرد بە جبە میزەرەوە ڕۆیشتین، هەرچەندە لە کاتێکی زۆر مەترسیدار دابوو، چونکە هەموو نوختەیەک دەڕۆیشتی حەرەس قەومی بوو، بەتەواوی بە دیقەت تەفتیشی دەکردی، گومانێکی لێ بکردایە کەسەر فەرمانیان پێ بوو بمانکوژن، ئێمە زۆر بە حەزەر ترس ناڕەحەتییەوە ڕۆیشتین دەرباز بووین، هەرچییەکیان لێمان دەپرسی دەمانگوت: دەچین بۆ نەجەف بۆ زیارەت، هەتا دەرچووین، کە گەیشتین (سەیید ئەلحەکیم) لە خانوویەکی دووقاتدا بوو، لە قاتی دووەمدا دادەنیشت، چوویە لای نزیکەی 30تا 40کەسی لەلا بوو، بەخێرهاتنی کردین پێمان گوت ئێمە بۆ خزمەتی جەنابت هاتووین، ئەمانەوێ ئەمانەی لە دەوروپشتی بەڕێزتن بچنە دەرەوە، ئەویش هەموویانی کردە دەرەوە، تەنیا یەک کەس نەبێ، ئینجا من دەستم کرد بە قسەکردن گوتم: ئێمە لە خزمەتی مەلا مستەفای بارزانییەوە هاتووینە لای بەڕێزتان، چەند ڕۆژە بە ڕێگەی دوور سەخت شاخدا هاتووین، بەناو ئەم هەموو بازگە بنکەی حەرەس قەومییانەدا بەم ترسناکییەدا هاتووین، بۆیە جەنابی بارزانی نامەی بۆ نەنووسی لەبەر ئەوە دەترسین نامەکە بگیرێ ئێمە دووچاری گرفت کێشە بین، زۆر سەلامی لێ دەکردی و گوتی: پێی بڵێن کە ئێمە میللەتی کوردین و لە میللەتی عەرەب زیاتر پەیوەندیمان بە ئیسلامەوە هەیە بە گەورە بچووکمانەوە باوەشمان بە ئیسلامدا کردووە.

وەکوو بیستوومانە کە داوا لە جەنابت کراوە فتوا بدەیت لە دژی کورد، کە گوایە خوێنی کورد بە دەستی سوپای عێراقی حەڵاڵ بکرێ بە ژن منداڵ گەورە بچووکمان لەناو بەرێ، بەو بیانووەی میللەتی کورد لە ئایینی ئیسلام وەرگەڕاوە، ڕاستییەکەی ئێمە لە ئایینی ئیسلام وەرنەگەڕاوین بە درێژایی ئەو ماوەیەدا کە ڕژێمی عێراق و حزبی بەعس چی خراپەکاری دەرهەق بە گەلی کورد کردووە بۆم گێڕایەوە گوتم: هەتا منداڵی سەر بێشکەشمانیان کوشتووە خراپەکاریمان بەرامبەر کراوە، ئێمە لە کوردستاندا بە هەزاران مزگەوتمان هەیە لە هەر مزگەوتێکیشدا مەدرەسەیەکی ئایینیمان هەیە، زۆر پەیوەندی بەتینمان بە دڵ و بە گیان بە ڕۆح لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا هەیە. ئێستاش دەمانەوێت پشتمان بگریت ئەو فتوایە بۆ عەبدولسەلام عارف دەرنەکەیت، تا کێشە نەکەوێتە نێو ڕۆڵەکانی عێراقەوە، چونکە ئەمە هەقیقەتی میللەتی کوردە کە لەسەر زمانی جەنابی مەلا مستەفای بارزانییەوە بۆت باس دەکەم، سەید موحسن ئەلحەکیم پێی گوتین: بەڵێن بێت منیش نەک پشتتان تێ بکەم، بەڵکوو پشتتان دەگرم، بەڵام بەناشکرا ناتوانم، بەڵام مادییەن مەعنەوییەن حازرم پشتگیریتان بکەم، بە جەنابی مەلا مستەفا بڵێن کە ئەوا ئەگەر من شتێکیش لە خەیاڵمدا بووبێ ئەوا بەڵێن بێت لەو فکر بیروباوەڕە پەشیمان ببەمەوە.

*** بەڵێن بوو فتواکە بدات یا فتواکەی دابوو؟**

– نەخێر نەیدابوو، بەڵێنی دا پەشیمان بێتەوە گوتی: ئەو فتوایە بە دەمی منەوە وەرناگرێ، عەبدولسەلام عارف هەرچەندە هەوڵ کۆششم لەگەڵدا بدات من بە قسەی ناکەم، بەڵام بەڵێن بێت لەژێرەوە بەنهێنی پشتگیریتان دەکەم هاوکاریتان دەکەم، هەرگیزاوهەرگیز ڕێگە نادەم هیچ کەسێکی تریش لە لایەن ئێمەوە تەنانەت ناوی کورد بە خراپە بهێنن، ئینجا ئیتر هەستاین ئەو واتە (سەیید موحسن ئەلحەکیم) ویستی بۆ پشتراستکردنەوەی قسەکان نامەیەک بنووسێ بۆ بارزانی، ئێمەیش داوامان لێ کرد لەبەر ئەوەی ڕێگەکە خەتەرە خراپە هەم بۆ ئێمە هەم ڕەنگە بۆ ئەویش باش نەبێ، نەک دووچاری کێشە ببین، لەبەر ئەوە ئێمە بە شەفەوی و بە دەمی قسەکانت هەڵوێستە جوامێرانەکانی بەڕێزتان بە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی دەگەیەنین. ئیتر هاتینەوە گەیشتینەوە کوردستان وەڵامەکەمان بۆ جەنابی بارزانی هێنایەوە بە وردی و دوورودرێژی هەڵوێستی (سەیید موحسن ئەلحەکیم) قسەکانیمان بۆ باس کرد، (بارزانیی نەمر)یش ئیتر دڵنیا بووەوە لە هەڵوێستی شیعەکان سەیید موحسین ئەلحەکیم.

*** چەند جاری دیکە بە دیداری بارزانی گەیشتووی؟**

– کاتێک لە بەغدا بوو سێ جار بە خزمەتی بارزانی گەیشتووم، هەر سێ جارەکەش بۆ کاروباری سەربازی بووە، شتێک بوایە لەنێوان بارزانی و سوپای عێراقدا لە ڕێگەی منەوە، کە دەیان ناردم بۆ ڕاییکردنی ئیش کارەکاندا، لە بەغدا هەر ئەو سێ جارە بە دانیشتن گفتوگۆ بە خزمەت بارزانی گەیشتووم.

*** ئەو جارانەی کە بە خزمەت بارزانی گەیشتی هەستت بە چی دەکرد؟**

– وەڵاهی هەستم کرد بەوەی کە ئەمە پیاوێکی زۆر هەڵکەوتووە. بارزانی کەمدوو بوو، قسەی کەم دەکرد، کە قسەی دەکرد قسەکانی هەمووی حیکمەت بوو، هەمووی لە عەقڵێکی قوواڵییەوە بوو، جارێکیان باسی عەبدولکەریم قاسمی کرد، گوتی: من عەبدولکەریم قاسم براین خۆم بە برایەکی ئەو دەزانم، وەکوو خۆم دڵسۆزە بۆ میللەتی کورد، وا دەزانم عەبدولکەریش دڵسۆزە، بەڵام دوایی لایەنی تر تەدەخولی کرد ئەو کێشەیەی دروست کرد، ئەو کێشەیەی کەوتە نێوان عەبدولکەریم قاسم بارزانی زیاتر پەیوەندی بە هەندێک لە ئاغا کوردەکانەوە هەبوو ئەوان سەبەبی کێشەکە بوون.

*** هەڵوێستی بارزانی بەرامبەر بە پیاوانی ئایینی چۆن بوو؟**

– هەڵوێستی بەرامبەر بە پیاوانی ئایینی زۆر باش بوو، من بەو پێیەی پیاوێکی ئایینی بووم، هەر جار چوومەتە خزمەتی بارزانی زۆر ڕێزی لێ گرتووم لەبەرم هەڵساوەتەوە، من لە دوو ڕێوە ئەمزانی کە عەقیدەیەکی زۆر پاک سافی هەیە، یەکێکیان پێی ناخۆش بوو یەکێک پێی بگوتایە مامۆستا یا بڵێ گەورەم پێی نەگوتایە مەلا مستەفا، ئەوەندە شانازی بە مەلا مستەفاوە دەکرد، وشەی مەلای ئەوەندە لەلا بەڕێز بووە. دووەمیش: خۆیان خانەوادەیەکی ئایینزان شێخن لە بنەچەوە لە شێخایەتییەوە هاتوون، لەم دوو ڕێگەیەوە ڕێز حورمەتی پیاوی ئایینی دەگرت، چ مەلا بوایە چ شێخ بوایە زۆر ڕێزی دەگرتن.

*** مەلا مستەفا تا چەند بە ئایینی ئیسلامەوە پابەند بوو؟**

– وەڵاڵا ئەوەی زۆر ئاشکرا بێ لە دینی ئیسلامدا ڕۆژوو نوێژە، ئەم دووانەی زۆر بە باشی دەکرد هەرگیز لە ژیانیدا نەبیستراوە کەوا مەلا مستەفا شتێکی لێ دەرکەوتبێ کەوا پەیوەندی بە شتێکی خراپەوە هەبێ بەرامبەر بە ئایینی ئیسلام، یا گوناهێ یا شتێکی دژ بە ئایین نەبیستراوە نەبینراوە کە پەیوەندی بە ئەوەوە هەبێ، مەلا مستەفا کەسایەتییەکی پلە بەرز سەخی بوو، لەو کاتەی سەرکردایەتیی کوردی کردووە کۆششی خەباتی بۆ کورد کردووە، نەبیستراوە ئەو پیاوە لە ڕووی ماددییەوە بڕی 1دینار لەسەر حیسابی میللەت شۆڕش بۆ خۆی بەکار بهێنێ، لە ئاستی ماددیا تەبیعەتی بەرز بوو.

*** ئەی تێکەیشتنی بەڕێزتان لەسەر خانەوادەی بارزانییەکان مەلا مستەفا بارزانی چۆنە؟ تێڕوانینت چۆنە لە هەمبەریاندا؟**

– لە ڕاستیدا بارزانی و خانەوادەی بارزانییەکان، زمان عاجزە لەوەی کەوا باسی خەبات تێکۆشان کۆششی ئەوان لە ڕێگەی میللەتی کوردیدا بکات، یا زەحمەتە بتوانین کۆشش هەڵسەنگاندنی ئەوان بە باشی لەبەرچاو بگرین هەڵیان بسەنگێنین، ئەگەر ئەوان نەبوونایە بناغەی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینەیان دانەنایە، تەسەور مەکە بە ئاسانی بەدەست بهاتایە، لەبەر ئەوەی کەوا بارزانی تەنیا لەناو عێراقدا ناسراوی و ناوی نەبووە، بەڵکوو لەدەرەوەی وڵاتیش کورد بە بارزانی دەناسرا، بۆ نموونە: شتێکت بۆ بگێڕمەوە، برادەرێکم بۆی گێڕامەوە گوتی: کورێکم لە فەرەنسا دەیخوێند، چوو بۆ لای ئافرەتێکی فەرەنسایی تا شوقڵەی لێ بکرێ بگرێ گوتی: بەڵکوو ژوورێکم لەم شوقڵەیە بکرێ بدەیتێ، ئەویش ڕازی بوو، گوتیشی: یارمەتیت دەدەم بە کەمتر دەتدەمێ، بەڵام بە مەرجێ! گوتم: ئەو مەرجە چییە؟ ئەم بااڵخانەیەی کە ئێمەی تێدابن لە خوارەوە لە قاتی یەکەمدا ئافرەتێکی تێدایە لەسەر ڕێگەی هاتوچۆکەتدایە، نابێ بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەو ژنەدا قسە بکەی و دانیشی و هاوکاری بکەی، گوتم: باشە ئاسانە، گوتی: ئیتر ڕۆژانێک بوو من ئەم مەرجەم لەبیر کرد و ڕۆژێک گەڕامەوە بۆ شوقڵەکە، ئەو ئافرەتەم بینی و داوای لێ کردم بچمە ژوورەکەی و پێکەوە قاوەیەک بخۆینەوە، گوتی: چووم لە کاتی قاوە خواردنەکەدا خاوەنی شوقڵەکە هاتەوە زۆر تووڕە بوو، هەتاکوو من چوومەوە ژوورەکەم، هەرچی کەلوپەلی منە، هەمووی فڕێ دایە دەڕوە گوتی: هەر ئێستا دەبێ بچێتە دەرەوە، گوتم: لێرە ناڕۆم تا نەزانم بۆچی کردەوەی تۆ لەگەڵ ئەم ئافرەتەدا ئەوهایە، گوتی: ئەم ئافرەتە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بۆ بەرژەوەندیی وڵاتی ئەڵمانیا جاسووس بووە لەسەر فەرەنسا.

گوتم: ئەی بۆ نایکوژن؟ گوتی: تا بەو جۆرە دەیکوژین کە هیچ قیمەتی نادەینێ، چونکە ئەو خیانەتەی کردووە. گوتم: وەڵاڵا ئەگەر ئەوە مەلا مستەفای بارزانی بوایە دەیزانی چۆن تۆڵەی لێ بستێنێ.

گوتی: بارزانی.. کورد..؟ گوتم: بەڵێ، گوتی: چ پەیوەندیت هەیە بە بارزانییەوە؟ گوتم: من کوردم خەڵکی هەولێرم خۆم بە دڵسۆزی بارزانی دەزانم لەگەڵ ئەو کوردانەم کە وان لەژێر دەستی بارزانیدا کار دەکەن، گوتی: ئافرەتەکە هەستایەوە چوو خۆی شتەکانی بۆ هێنامەوە بۆ ژوورەوە گوتی: مادام تۆ سەر بە مەلا مستەفا بارزانیت، هەتا لەم شوقڵەیەی مندایت کرێی شوقڵەشت لێ وەرناگرم. جا بارزانی ئاوا بوو، وەکوو لە ناوخۆی عێراق ئەو وەزنەی هەبوو لەدەرەوەی وڵاتیشدا بە هەمان شێوە بوو، جگە لەوەش، کە ناوی کورد بەناوی بارزانییەوە ناسرا بوو، جا لەبەر ئەوە بارزانی نەمرە ناوی لە دنیادا هەر بەزیندوویی دەمێنێتەوە.

*** هەڵوێستی بارزانی بەرامبەر بە ڕۆشنبیران چۆن بوو؟**

– بارزانی ڕێزی هەموو کەسێکی دەگرت ڕێزێکی زۆری لە پیاوانی ئایینی و ڕۆشنبیران ئەدیب هونەرمەند دەگرت، بەڵام ڕەنگە خیلافێکیشی لەگەڵ بەشێک لە ڕۆشنبیراندا هەبوو بێ، بەو مانایە نا کە لەسەر لایەنی ڕۆشنبیری بووبێ، بەڵکوو پێی وابوو ئەو ڕێگەیەی ئەوان کە بۆچوونێکی جیاوازیان هەبوو بێ، کورد ناگەیەنێ بە ئامانج، دەنا بەگشتی زۆر ڕێزی لە تۆیژی ڕۆشنبیران گرتووە، چونکە بارزانی خۆی لەگەڵ خەڵکی بەڕێز بوو، هەرەبی عێراق لە سەرەتای دەرکەوتنی مەلا مستەفا هەتا ئێستایش هەر بە چاوی ڕێزەوە لێی دەڕوانن، ئەو ماوەیەی کە شەڕ بوو لەنێوان کورد عەرەبدا، وەکوو سوپای عێراق دەسەڵات نەک نەتەوەی عەرەب، من چل نۆ ساڵ لەناو عەرەبدا ژیاوم، لە هیچ عەرەبێکم نەبیستووە کە نەقدی مەلا مستەفا بکەن یا هی مللەتی کورد، تەنانەت لە کاتی شەڕیشدا، یا قسەیەکی ناشیرین بە میللەتی کورد جەنابی مەلا مستەفا بڵێن، هەمیشە جنێویان بە حکوومەتی خۆیان دەدا بۆ ئەو شەڕ مالوێرانکارییانەی کە حکوومەت دژی کورد دەیکات ئۆبالەکەیان دەخستە ئەستۆی حکوومەت، عەرەبەکان بە تایبەتی (ڕۆشنبیرەکانیان) هەمیشە بە ڕێزەوە باسی مەلا مستەفایان دەکرد خۆشیان دەویست.

*** بەڕێزت وەک کەسایەتییەکی پایە بەرزی ئایینی چۆن پێناسەی بارزانی دەکەیت؟**

– بارزانی پیاوێک بوو هەموو ژیانی بۆ کوردایەتی تەرخان کردبوو، هەتا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد، زۆر بە ئیخلاس بوو، دڵسۆزانە هەوڵی دەدا بۆ نەتەوەی کورد، هەموو توانای خۆی و ژیانی خۆی بەخت کرد لە ڕێگەی کورد کوردایەتیدا، لەگەڵ ئەو هەڵوێستە پیاوانەیەی کە لە مێژوودا زیاتر دەردەکەوێ، ئەوەبوو کە لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد هەوڵی پێکهێنانی کۆماری کوردستانیان لەو بارودۆخە ناسکەی پێشەوادا دا. بارزانی چوو پشتگیری و یارمەتیدا هەتا کاتی نسکۆی کۆمارەکە قازی محەمەدی پێشەوا لە لایەن دوژمنەکەمانەوە لەسێدارە درا، ئیتر بارزانیش بەرژەوەندیی وابوو کە ئێران بەجێ بهێڵێ بڕوات بۆ وڵاتی شووڕەوی، دووەمیش چەند ساڵ لە غەریبیدا لە یەکێتیی سۆڤیەتیدا وڵات کەسوکاری لەپێناو کوردایەتیدا بەجێ هێشت، وەکوو دەگێڕنەوە لە دانیشتن هەڵسوکەوت قسەکردن لە پەیوەندیکردنی لەگەڵ بەرپرسەکانی ئەوێدا مەلا مستەفا هەر هەوڵ کۆششی تەقەڵای بۆ کورد بووە، تاکوو بیگەیەنێت بە ئامانج، هەوڵی داوە پاشەڕۆژی کورد ڕوون گەش بکات.

*** تێبینی: پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی ڕۆژی 4ی5ی 2016 لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە شارۆچکەی خورمال بەخاک سپێردرا.**

وون بوون

مۆلەتی لێخورینی ئۆتۆمبێل جوری خصوصی تایبەت بەناوی هاوڵاتی مەتین حسن عسی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای بەرفەندە جۆری ئۆتۆمبێل: تویوتا ٤ رەنەر ٦ بستۆن ڕەنگ شین مۆدێل ٢٠١٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٥٠٥٣٩ کاتی سلیمانی ژمارەی شاسی: JTEBU٥JR٥J٥٥٢٦٢٨٩ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی بارمتەی خانوو لە سنوری شارەوانی پێنج بەناوی فاتح مغدید سعید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شارەوانی پێنج.

***

سەرۆکایەتی دادگای گومرگی هەولێر نوسینگەی داوا گومرگیەکان

ژمارە: ٤٣٦

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣٠

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ صباح سلیم عبدالله

ئاگادارکردنەوە

ئاماژە بە داوای ژمارە (٣٣/گ/٢٠١٩) تۆمەتباری هەڵاتوو (صباح سلیم عبدالله) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپشت بەستن بەمادەی ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگای کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە (دادگای گومرگی هەولێر) لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٨ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی ١٩٢ لەیاسای گومرگی ژمارە ٣٣ سالی ١٩٨٤ هەموارکراو بەپێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادەر/ حسن علی مراد امین

سەرۆکی دادگا

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی

شارەوانیەکانی هەولێر

لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوە بە را یە تی

گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

ژمارە ٦٠/١٠٠

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٣

ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی (٨) پارچە زەوی لە سنوری شارەوانی بنەسلاوە بە مزایدەی ئاشکرا بەم شێوەی کە لەخوارەوە دیار کراو بەپێی یاسای ژمارە (٣٢) لە ساڵی ١٩٨٦/هەموارکراو بەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسلاوە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٨ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانزە و نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

١- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ زەوی ژمارە (٢/٢٧٧٣ ك ٨١ گەرەسۆر) ڕووبەر زەوی بە م٢/ ٢٤٧,٣٨م٢ نرخی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٧٠٠٠٠ حەفتا هەزار دینار تێبینی/ دەفرۆشرێت بەزیادکردنی ئاشکرا.

٢- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ زەوی ژمارە (٢/٢٨٦٩ ك ٨١ گەرەسۆر) ڕووبەر زەوی بە م٢/ ١٩٩,٧٧م٢ نرخی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٧٠٠٠٠ حەفتا هەزار دینار تێبینی/ دەفرۆشرێت بەزیادکردنی ئاشکرا.

٣- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ زەوی ژمارە (٢/٢٨٧٠ ك ٨١ گەرەسۆر) ڕووبەر زەوی بە م٢/ ٣٠٣,٠٧م٢ نرخی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٧٠٠٠٠ حەفتا هەزار دینار تێبینی/ دەفرۆشرێت بەزیادکردنی ئاشکرا.

٤- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ زەوی ژمارە (٢/٢٨٨٦ ك ٨١ گەرەسۆر) ڕووبەر زەوی بە م٢/ ٢١٨,٣٧م٢ نرخی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٧٠٠٠٠ حەفتا هەزار دینار تێبینی/ دەفرۆشرێت بەزیادکردنی ئاشکرا.

٥- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ زەوی ژمارە (٢/٢٢٠١ ك ٨١ گەرەسۆر) ڕووبەر زەوی بە م٢/ ٢٩٥,٢٥م٢ نرخی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٧٠٠٠٠ حەفتا هەزار دینار تێبینی/ دەفرۆشرێت بەزیادکردنی ئاشکرا.

٦- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ زەوی ژمارە (٢/٢٢٠٢ ك ٨١ گەرەسۆر) ڕووبەر زەوی بە م٢/ ٢٥٨,٤٠م٢ نرخی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٧٠٠٠٠ حەفتا هەزار دینار تێبینی/ دەفرۆشرێت بەزیادکردنی ئاشکرا.

٧- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ زەوی ژمارە (٢/٢٢١٣ ك ٨١ گەرەسۆر) ڕووبەر زەوی بە م٢/ ٢٥٥,٣٧م٢ نرخی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٧٠٠٠٠ حەفتا هەزار دینار تێبینی/ دەفرۆشرێت بەزیادکردنی ئاشکرا.

٨- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ زەوی ژمارە (٢/٢٢١٤ ك ٨١ گەرەسۆر) ڕووبەر زەوی بە م٢/ ٣١١,١٧م٢ نرخی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٧٠٠٠٠ حەفتا هەزار دینار تێبینی/ دەفرۆشرێت بەزیادکردنی ئاشکرا.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە: ٥٠٤٨/ش/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٢

جاردان

بۆ/ داواڵێکراو(فخرالدین عبدالله اسعد) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (تفید خضر احمد) داوای ژمارە (٥٠٤٨/ش/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە، تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر/ عەربی کۆن و نوێ و سعدون ناوە) بۆیەدادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١١/٢٤)، بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادەر/ طارق حسین کریم

***

دادگای باڕێ کەسایەتی ل دهوك

ژمارە/ ١٢٨٣/ش/٢٠١٩

ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١١/٣

ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە

ب/ ئاگەهداری

بۆ داواڵێکری (فاطمە علی عابدیان) ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٢٧ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکاران (عماد صالح حسن وفرهاد صالح حسن وامین صالح حسن) بریاردا ب (اثبات نسب) دناڤبەرا تە وداواکاریێن ناڤبری وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەھ ڕۆژان ژ ڕۆژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕۆژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان

دادەر / مروان عادل اسماعیل

***

فەرمانگەی دادنووسی (پەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١١/٣

بەپێی ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (فاخر عباس محمد) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٣١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پ. تیمار) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- تێکردنی خوراك و کێشان و کەپس کردن ژمارە/٩٦٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کاربا توانای K.W٣ هۆپەر و بالابەر ٥ تا ١٠ کیلۆ.

٢- فرنی برژاندن و سۆرکردنەوەی چەرەزات بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کاربا توانای K.W٢٠ بالابەر و هۆپەر و غربیل.

٣- تێکردنی بقولیات بۆ ناو کیسە و کێشان و کەپس کردن ژمارە/١٥٠٩٠٦١١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.W٥ هۆپەر و بالابەر.

***

دادگای باری کەسیەتی لە ڕانیە

ژمارە: ٥٩٤/ش/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/٣

ئاگاداری

بۆ/ داواڵێکراو: سوما مغدید حمد ئیستا

شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە

داواکار/ دیار اسماعیل اکرم

داواکار دیار اسماعیل اکرم داوای ژمارە ٥٩٤/ش/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٢٧) بۆ (ڕاستاندنی طلاق) وە لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ڕونکردنەوەی بنکەی پۆلیسی (کێوەرەش) و پشتگیری موختاری گەرەکی (ڕەشە میرگ و گلنجان) بۆیە دادگا بریاریدا بەئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/١١/١٤ لەم دادگایە ئامادەبیت یان بریکارێکی یاسایی بنێریت بەپێچەوانەوە ئەم دادگایە بەنادیاری و ئاشکرا دواکە دەبینێت.

دادەر/ ڤیان شیخ نجم حسن

***

فەرمانگەی دادنوسی سلێمانی/٢

ژمارە: ١٢٩٥

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣٠

ئاگاداری

بەپێی ئەو داوایەی کە لەلایەن (کۆمپانیای- لەریا – بۆ بارزگانی گشتی و هاوردە و بەرهەمهێنانی خواردنەوە کحولییەکان/ سنوردار) پێشکەش بە فەرمانگەکەمان کراوە خاوەنی کارگە (دییر – بۆ بەرهەمهێنانی خواردنەوە کحولییەکان) لەبەرواری (٢٠١٩/١٠/٢١) داوای تۆمارکردنی ئەو ئامێرانەی کردووە لە (ڕاپەڕین) دانراون کە ئامێرەکانیان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسایی دادنووسانی ژمارە (٣٣) ساڵی (١٩٩٨) بەرکار لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیداریان خاوەنی هەریەك لەو ئامێرانە دادەنێ لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارە تۆماری دەکەین و بڕوانامەی تۆماری ئامێرەکانی پێ ئەدرێت.

سۆران یادگار ڕشید/ دادنووسی یەکەمی فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی/٢

ئامێرەکان-

١- ئامێری پرکردن (تعبئة) و پاشکۆکانی مارکەی / AROL/ ایطالی ژ- A٤٤٤٨ – مۆدێل/ ٢٠١٩ / کارەبای.

٢- ئامێری لێدانی لیبل/ ایطالی – مۆدێل/٢٠١٩/ کارەبای ژ- Model s٢T٣/ ٢١٨١E SCHEMA MATR١COLA R١ .٢١٨١

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە:١٢٥٤/ب/٢٠١٩/٢

ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/٣

جاردان

بۆ/ داواڵێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (POLTEKS DOGA/ سەرەڕای کارەکەی)

داواکار (کۆمپانیای PDC بەڕێوەبەری ڕێپێدراو کاظم دینج سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە (١٢٥٤/ ب/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (POLTEKS DOGA/ سەرەڕای کارەکەی) وە لەبەر ئەوەی بنکەی سەرەکی کۆمپانیا نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی (تیمار) لە ٢٠١٩/٦/٢٠ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت بە نۆژدن و تێهەلکێش لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١١/٢٤) بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادەر/ قباد شیرزاد نوری

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Z.B ALUMINUM) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (کالیان) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (خیرات المنافع) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی جگەرە/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی
شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە
بەڕێوە بە را یە تی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ١٠٠/٥٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٣
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە بۆ جاری دووەم
هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (١٧) کۆشک
و (١١) دوکان لە سنوری شارەوانی
دێگەڵە بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیار
کراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی
هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر
لە سەرۆکایەتی شارەوانی دێگەڵە
بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە
رێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢ کاتژمێر (١٢:٣٠)
دوانزە و نیوی نیوەرۆ لە رۆژی دیارکراو
کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە
رێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێنەراو
لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی
بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە
ئەستۆی خۆی.
١- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ شوێنی
دوکانی ژمارە (١+٨+٩+١٠+١١) لەسەر
بەشێك لە پارچە زەوی خزمەت گوزاری
ژمارە (٨٣/٢٦ ك ٢٣ دێگەڵە) رووبەر
بە م٢ / ١٦م٢ بۆ هەر دوکانێك کرێی
سالانەی خەملێنەراو بۆ هەر دوکانێك/
١٠٧٠٠٠ سەد و حەفت هەزار دینار
ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی
ئاشکرا.
٢- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ شوێنی
دوکانی ژمارە (٢+٣) لەسەر بەشێك
لە پارچە زەوی خزمەت گوزاری ژمارە
(٨٣/٢٦ ك ٢٣ دێگەڵە) رووبەر بە م٢ /
٣٢م٢ بۆ هەر دوکانێك کرێی سالانەی
خەملێنەراو بۆ هەر دوکانێك/ ١٠٧٠٠٠
سەد و حەفت هەزار دینار ماوەی
بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی
ئاشکرا.
٣- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/
شوێنی دوکانی ژمارە (٤+٥+٦+٧) لەسەر
بەشێك لە پارچە زەوی خزمەت گوزاری
ژمارە (٨٣/٢٦ ك ٢٣ دێگەڵە) رووبەر
بە م٢ / ٦٤م٢ بۆ هەر دوکانێك کرێی
سالانەی خەملێنەراو بۆ هەر دوکانێك/
١٠٧٠٠٠ سەد و حەفت هەزار دینار
ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی
ئاشکرا.
٤- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ شوێنی
کۆشکی ژمارە (١) شەقامی سەرەکی/
شۆرش لای چەپ رووبەر بە م٢ / ١٦٨م٢
کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ هەر
دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢
ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی
ئاشکرا.
٥- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ شوێنی
کۆشکی ژمارە (٢) شەقامی سەرەکی/
شۆرش لای چەپ رووبەر بە م٢ / ١٢٠م٢
کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ هەر
دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢
ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی
ئاشکرا.
٦- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ شوێنی
کۆشکی ژمارە (٣) شەقامی سەرەکی/
شۆرش لای چەپ رووبەر بە م٢ / ٤٢م٢
کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ هەر
دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢
ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی
ئاشکرا.
٧- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ شوێنی
کۆشکی ژمارە (٤) شەقامی سەرەکی/
شۆرش لای چەپ رووبەر بە م٢ / ١٩٢م٢
کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ هەر
دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢
ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی
ئاشکرا.
٨- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ شوێنی
کۆشکی ژمارە (٥) شەقامی سەرەکی/
شۆرش لای چەپ رووبەر بە م٢ / ٢١٠م٢
کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ هەر
دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢
ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی
ئاشکرا.
٩- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ شوێنی
کۆشکی ژمارە (٦) شەقامی سەرەکی/
شۆرش لای چەپ رووبەر بە م٢ / ١١٤م٢
کرێی سالانەی خەملێنەراو بۆ هەر
دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد دینار بۆ ١م٢
ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی
ئاشکرا.
١٠- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/
شوێنی کۆشکی ژمارە (٧) شەقامی
سەرەکی/ شۆرش لای راست رووبەر بە
م٢ / ٢٥٢م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو
بۆ هەر دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد دینار
بۆ ١م٢ ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ
بەزیادکردنی ئاشکرا.
١١- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/
شوێنی کۆشکی ژمارە (٨) شەقامی
سەرەکی/ شۆرش لای راست رووبەر بە
م٢ / ١٦٨م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو
بۆ هەر دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد دینار
بۆ ١م٢ ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ
بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٢- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/
شوێنی کۆشکی ژمارە (٩) شەقامی
سەرەکی/ شۆرش لای راست رووبەر بە
م٢ / ٢٠٤م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو
بۆ هەر دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد دینار
بۆ ١م٢ ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ
بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٣- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/
شوێنی کۆشکی ژمارە (١٠) شەقامی
سەرەکی/ شۆرش لای راست رووبەر
بە م٢ / ٩٠م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو
بۆ هەر دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد دینار
بۆ ١م٢ ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ
بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٤- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/
شوێنی کۆشکی ژمارە (١١) شەقامی
سەرەکی/ شۆرش لای راست رووبەر بە
م٢ / ٢١٠م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو
بۆ هەر دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد
دینار بۆ ١م٢ ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ
بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٥- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/
شوێنی کۆشکی ژمارە (١٢) شەقامی
سەرەکی/ شۆرش لای راست رووبەر بە
م٢ / ١٦٨م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو
بۆ هەر دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد
دینار بۆ ١م٢ ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ
بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٦- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/
شوێنی کۆشکی ژمارە (١٣) شەقامی
سەرەکی/ شۆرش لای چەپ رووبەر بە
م٢ / ١٧٥م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو
بۆ هەر دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد دینار
بۆ ١م٢ ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ
بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٧- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/
شوێنی کۆشکی ژمارە (١٤) شەقامی
سەرەکی/ شۆرش لای راست رووبەر
بە م٢ / ٢٨م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو
بۆ هەر دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد دینار
بۆ ١م٢ ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ
بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٨- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/
شوێنی کۆشکی ژمارە (١٥) شەقامی
سەرەکی/ شۆرش لای راست رووبەر
بە م٢ / ٧٤م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو
بۆ هەر دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد دینار
بۆ ١م٢ ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ
بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٩- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/
شوێنی کۆشکی ژمارە (١٦) شەقامی
سەرەکی/ شۆرش لای راست رووبەر بە
م٢ / ١٢٤م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو
بۆ هەر دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد
دینار بۆ ١م٢ ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ
بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢٠- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/
شوێنی کۆشکی ژمارە (١٧) شەقامی
سەرەکی/ شۆرش لای راست رووبەر
بە م٢ / ٤٢م٢ کرێی سالانەی خەملێنەراو
بۆ هەر دوکانێك/ ٥٠٠ پێنج سەد دینار
بۆ ١م٢ ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ
بەزیادکردنی ئاشکرا.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
* * *
دادگای لێکۆلینەوەی خەبات
ژمارە: ١٤٤١
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو شوکت عدو اودل
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (شوکت عدو اودل) لەبەر ئەوەی تۆمەتباری لە دۆسیەی ژمارە (٢٠٠/٢٠١١) لە بنکەی پۆلیسی خەبات بەپێی ماددەی (٤٠٦ ی س) خۆت حەشاراداوە و هەڵاتووی بۆیە ئەم دادگایە و پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٢١) لە یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی بریاریدا بەدەست بەسەر داگرتنی مولکی ژمارە (١٣٠١/١ کەرتی ٨٩ شیوەکور) مولکی ژمارە (٣١٥/٦ کەرتی ٩٥ لالەیی) کە تۆمارکراوە بەناوی (شوکت عدو اودل) بەزووترین کات خۆت بەدەستەوە بدە لە ماوەی (٣٠) رۆژ وە بەپێچەوانەوە تووشی رێکاری یاسایی زیاتر دەبیەوە لەهەمان کاتدا داواکارین لەهێزەکانی ئاسایش و پۆلیس کە تۆمەتباری سەرەوە لەهەر شوێنێك بینرا دەستگیر بکرێ و ڕادەستی بنکەی پۆلیسی خەبات بکرێ.
دادوەر/ هیوا فرهاد صلاح
* * *

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:١٧٠٦٦/١٠
رێکەوت:٢٠١٩/١١/٣
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لیژنەی ئامادە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە رێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە رۆژی (٣٠) سی یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ٩/١٧٨٣ ك ٩٤ باداوە رووبەر/ ٢١٨,٦٦م٢ ڕەگەز/ نیشتەجێ
تێبینی/ پێویستە بەشداربووی پرۆسەکە بارمتەی یاسایی وەك سەفتەجە لەبانکی دیدەوان بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دابنێت.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:١٧٠٦٧/١٠
رێکەوت:٢٠١٩/١١/٣
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لیژنەی ئامادە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە رێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە رۆژی (٣٠) سی یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ٣٠/٢٧١٧ ك ٩٤ باداوە رووبەر/ ٢٠٠م٢ ڕەگەز/ نیشتەجێ
تێبینی/ پێویستە بەشداربووی پرۆسەکە بارمتەی یاسایی وەك سەفتەجە لەبانکی دیدەوان بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دابنێت.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٤٣٤١
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (فصول النوة) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (فصول النوة) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/٣١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (رند لیث سامی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٨/٤
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (سوران عزیز رسول) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی دار/تاك) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (تەنین) بۆ بازرگانی گشتی و کەرەستەی بیناسازی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ALUMIL) بۆ بازرگانی ئەلمنیوم و پێداویستیەکانی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (کاروان ادهم محمد) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/تاك) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١١٠٣/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: نجاة محمود محمدامین
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروای ٢٠١٩/١٢/٢٣ بەمەبەستی دادگایی کردنتان بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٣) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیارن بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١١٠٧/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٣
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو: هاوکار ابراهیم حسن و راکان اسماعیل عثمان
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروای ٢٠١٩/١٢/٢٣ بەمەبەستی دادگایی کردنتان بەپێی ماددەی یاسایی (٤٤٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیارن بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١١٠٨/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٣
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو: بەختیار علی مجید و بایز احمد مصطفی
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروای ٢٠١٩/١٢/٢٣ بەمەبەستی دادگایی کردنتان بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٣) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیارن بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١١٣٤/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: مازن علی محمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروای ٢٠١٩/١٢/٢٣ بەمەبەستی دادگایی کردنتان بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٧٤/ك/٣/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ تمر موسلو ئوغلو
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە ٢٠١٩/١١/٢٥ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٤٥٦) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٦١٨/ك/٣/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٨
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ هاني بشير حميد و هاوکار خالد احمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٦١٨/ك/٢٠١٩/٣ لە ٢٠١٩/١٠/٨ لەسەرتان بەزیندانی کردنیان (الحبس) بۆماوەی (١/یەك ساڵ) بۆ هەر یەکێکتان بەپێی ماددەی (٣/٤١٣) لەیاسای (سزا) بەشوێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە بریار درا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوەخۆیی ڕۆژانە پێتان ڕابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانتان هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازییوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
* * *
دادگای کەتنی سید صادق
ژمارە: ١٨/ك/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/١٠/١٠
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو/ دانا مولود محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٨ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لەداوای کەتنی ژمارە ١٨/ك/٢٠١٩ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ١٢١ لەیاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن حوکم درا بەسەرتا بەندکردنت بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ جمیل جهال محمد

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٤٧٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تەنین) بۆ بازرگانی گشتی و کەرەستەی بیناسازی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (تەنین) بۆ بازرگانی گشتی و کەرەستەی بیناسازی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نجات اسماعیل صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٢٠١٩/١٠/٣٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٤٤٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کاروان ادهم محمد) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/تاك)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کاروان ادهم محمد) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/تاك) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سالم سلمان سلیمان) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٢٠١٩/١٠/٢٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٦٠١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (BRIQUETTE)
بۆ بەرهەم هێنانی خەلوز/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (BRIQUETTE) بۆ بەرهەم هێنانی خەلوز/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٣٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (شاهین جمال محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٢٠١٩/١٠/٣١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٥٨٠٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (خیرات المنافع) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی جگەرە/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (خیرات المنافع) بۆ بازرگانی گشتی و جگەرە/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٢٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (توانا عبدالخالق محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٢٠١٩/٩/٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٥٧٩٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کالیان) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کالیان) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٢٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (توانا عبدالخالق محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٢٠١٩/٩/٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٥٨١٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تأدیه) بۆ بازرگانی ئالیکی ئاژەڵ و پەلەوەر و پێداویستیەکانی و بەروبوومی کشتوکاڵی/سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (تأدیه) بۆ بازرگانی ئالیکی ئاژەڵ و پەلەوەر و پێداویستیەکانی و بەروبوومی کشتوکاڵی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٢٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (توانا عبدالخالق محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٢٠١٩/٩/٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٨٩٥٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (پەرکانە) بۆ بازرگانی گشتی و دابینکردنی کەرستەی بیناسازی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (پەرکانە) بۆ بازرگانی گشتی و دابینکردنی کەرستەی بیناسازی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (توانا عبدالخالق محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٢٠١٩/١٠/٢٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٨٠٠٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣١
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا تاك
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (محمد احمد اسماعیل صالح) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی/تاك) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٦٠٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (BRIQUETTE)
بۆ بەرهەم هێنانی خەلوز/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (BRIQUETTE) بۆ بەرهەم هێنانی خەلوز/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٣٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (شاهین جمال محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٢٠١٩/١٠/٣١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ١٤٣٥/ج/٢٠١٥
رۆژ: ٢٠١٩/١٠/١٣
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو/ سەهەن شێرزاد عثمان علی ناوی دایکی: شهلاء عبداللطیف بڕیار
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٣٠ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بەگوێرەی مادەی ١٤ لە یاسای مخدرات حوکم درا بەسەرتا بە یەك ساڵ.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/کامل توفیق سعید
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٦٤٥/ت/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/١٠/١٥
بۆ/ تاوانبار: ژیار عثمان احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٣٠ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بەگوێرەی مادەی ١٤ لە یاسای مخدرات حوکم درا بەسەرتا بە یەك ساڵ.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/قادر سعید محمود
* * *
دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ٢/ج/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٩
ئاگاداری
تاوانبار/ عمر صوفی حسن
ئەم دادگایە بەپێی داوای ژمارە ٢/ج/٢٠١٧ لە ڕۆژی ٢٠١٩/٤/١٩ بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی مادەی (٣/٢١) لەیاسای چەك بەو پێیەی کە لەرۆژی دادگای کردندا ئامادە نەبووبت هەرچەندە ئاگادارکراویتەوە وە بەهۆی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بریارمان دا بەئاگادار کردنەوەت بەم بریارە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆوە کە خۆت بدەیت بەدەست ئەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لەماوەی یاسایدا تانەو پێداچوونەوەی ئەم بریارە نەکەیت ئەوا بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالقادر اسعد مامه
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٧٣٧/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٤
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: شۆرش نعمان عثمان
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢١/١) لە یاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / بێخال محمد مصطفی
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ٣٩/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٤
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: توانا دانا حمه رشید
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢١/١) لە یاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / بێخال محمد مصطفی
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٥٩٢/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٠
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: شاد حمه سعید حمه علی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٣٢) لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١/١٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٢١١٥/ك/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٩/٨
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: بڕوا رفیق کوێخا محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٣٩٤) لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٣١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٨٩٥٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Z.B ALUMINUM)
بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Z.B ALUMINUM) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (توانا عبدالخالق محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (تانج) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (BRIQUETTE) بۆ بەرهەم هێنانی خەلوز/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (تأدیە) بۆ بازرگانی ئالیکی ئاژەڵ و پەلەوەر و پێداویستیەکانی و بەروبوومی کشتوکاڵی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

Invitation for Bid
Kurdistan Regional Government - Iraq
Water Supply Improvement Project in Kurdistan Region (II)

Date: 3rd November 2019
Loan Agreement No: IQ-P28
IFB No: 1-19

1. The Government of Republic of Iraq has received a loan from Japan International Cooperation Agency (JICA) towards the cost of "Water Supply Improvement Project in Kurdistan Region (II). It is intended that part of the proceeds of this loan will be applied to eligible payments under the Contract for "**Package 3, Rehabilitation of Distribution Network in Erbil and Supply of Spare parts for Water Treatment Plant"**

2. Bidding will be conducted through procedures in accordance with the applicable Guidelines for Procurement under Japanese ODA Loans, and is open to all Bidders from eligible source countries, as defined in the Loan Agreement.

3. The **General Directorate for Water and Sewerage, Ministry of Municipality and Tourism, Kurdistan Regional Government – Iraq** "the Employer" now invites sealed Bids from eligible Bidders for the construction and completion of **Package 3:** Rehabilitation of Distribution Network in Erbil and Supply of Spare parts for Water Treatment Plant ("the Works") making part of the **"Water Supply Improvement Project in Kurdistan Region (II)".**

Package 3 is composed of the following lots:

Lot 1 - Rehabilitation of Distribution Network in Erbil

Scope of Works for Lot 1:
The scope of work for this lot of project consists of material supply and construction of the following project components:
• HDPE PE 100 RC Type A Pipe Dia = 180mm – length = 13,500 m
• HDPE PE 100 RC Type A Pipe Dia = 125mm – length = 4,500 m

Rehabilitation of above 18 km distribution networks is going to be conducted in some locations within the center of Erbil City.

Lot 2 – Supply of Spare Parts for Erbil- 3 Water Treatment Plant

Scope of Works for Lot 2:
Supply Genuine Spare Parts for Erbil 3 Water Treatment Plant including set of Spare Parts for (Raw water, High Service, Intermediate, Low flow and High flow rate) Vertical Turbine Pumps from (ITT. Goulds-USA) , Pumps Control valves from (Rose Valv-USA) , and Distribution Transformer (ABB).

4. Interested eligible Bidders may obtain further information from and inspect the Bidding Documents at the office of Project Management Team of the **General Directorate for Water and Sewerage, Ministry of Municipality and Tourism, Kurdistan Regional Government –Erbil/ Iraq**
Address: Erbil Governorate, the City Center, beside Erbil International Hotel, Kurdistan Region – Iraq
E-mail: masood.karrash@watsan-krg.krd ; masoodkarrash@gmail.com
ismail.ibrahim@watsan-krg.krd ; ismail.ibrahim@hotmail.com
Key qualification criteria:
a- The Bidder shall demonstrate that has access to construction cash flow requirements estimated as USD 1,500,000.
b- Minimum average annual construction turnover for the best 4 years between 2010 and 2018 shall be USD 7 million
c- General Construction Experience; under construction contracts in the role of prime contractor (single entity or JV member), subcontractor, or management contractor for at least 5 years between 2010 and Bid submission deadline, *starting* 1st January 2010.
d- Specific Construction Experience ;
A- A minimum number of 1 similar contract with value at least USD 3 million and 1 similar contract with value of USD 1 million in Iraq that have been satisfactorily and substantially completed as a prime contractor (single entity or JV member) between 1st January 2010 and Bid submission deadline.
B- For the above or other contracts completed and under implementation as prime contractor (Single entity or JV member), management contractor or subcontractor between 1st January 2010 and Bid submission deadline, a minimum construction experience in the following key activities successfully completed:
- Supply and installation of at least 10 km of HDPE pipeline dia. (≥ OD 125 mm)
- Supply of Pumps spare parts (min. pump capacity 1000 m3/hr.)

5. A complete set of bidding documents may be purchased by interested Bidders on the submission of a written application to the address above and upon payment of non-refundable fees of **USD 500 (five hundred US Dollars)**.

6. The provisions in the Instructions to Bidders and in the General Conditions of Contract are the provisions of the Standard Bidding Documents under Japanese ODA Loans for the Procurement of Small Works.

7. Bids must be delivered to address above on or before 11:00 am (Iraq Local Time) on 18 of December, 2019, and must be accompanied by a security of (USD **70,000) "Seventy thousand United States Dollars".**

8. Bids will be opened in the presence of Bidders' representatives who choose to attend at 01:00 pm (Iraq Local Time) of 18 of December, 2019 at the offices of General Directorate for Water and Sewerage Address: Erbil Governorate, the City Center, beside Erbil International Hotel, Kurdistan Region –Iraq.

General Directorate for Water and Sewerage,
Masood Mohammed Jirjees, Director General, PMT Director
Address: Erbil Governorate, the City Center, beside Erbil International Hotel, Kurdistan Region –Iraq
Phone : +964-7504495198,
E-mail: masood.karrash@watsan-krg.krd, masoodkarrash@gmail.com

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/11/4 ژمارە (5863)
خەبات



عێراق و لوبنان..

دوو وێنەی یەک تابلۆ



سابیر حوسێن

ئەو دروشمانەی خۆپیشاندەران لە عێراق و لوبنان بەرزیان کردۆتەوە لە زۆربەیان نووسراوە، نا بۆ سیخوڕی ، نا بۆ تائیفەگەریی ، نا بۆ تیرۆر، نا بۆ ستەم و زۆرداری و خیانەت و گەندەڵی و پەراوێزخستن، بەڵێ بۆ مافی هاوڵاتیان ، بەڵێ بۆ چاکسازی سیاسی و ریفۆرمی ئابوری و بیمەی تەندروستی و دادپەروەری و ئازادی بیروڕا و دیموکراسیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین هەموو ئەو دروشمانە لە دەستوری ئەو وڵاتانەشدا نوسراون، کەچی لە ئەرزی واقیع کاری پێ ناکرێ و رۆژ لە دوای رۆژ دۆخەکە خراپتر دەبێت، ئیدی ئەوە نازانرێ ئۆپاڵی جێبەجێ نەکردنی دەستورلە ئەستۆی کێدایە، حکومەت یان هاوڵاتیان یان سیستەمی حوکمرانییەتی...

خۆپیشاندەران نەسیحەتەکان ڕەتدەکەنەوە

بەحوکمی تێوەگلانی زۆرێک لە ئەجێندا‌کانی وڵاتان بە پاڵپشتیکردنی گروپ و تائیفەی تایبەت، خۆپیشاندانی جەماوەری لە هەردوو وڵاتی لوبنان و عێراق، کە هەردووکیان لەژێر هەژموونی کۆماری ئیسلامی ئێران عەلی خامەنەئی ئەمەریکا و ئیسرائیل و سعودیای تۆمەتبار کردووە کە دەستیان لە پشتەوەی ئەو ناڕەزایەتیانەی عێراق و لوبنادا هەیە. بێگومان ئەم وتانەش لەو کاتە دێ، کە خۆپیشاندەران لە مەزهەبگەرایی هەڵگەڕاونەتەوە و تەنانەت لە شارە پیرۆزەکانیش هێرش دەکەنە سەر مااڵی شیعەوە، دیارە لە دۆخێکی وادا ئارامی خامەنەئی کۆتایی هاتووە بۆیە داوای کردووە بە زەبری هێز ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران ببنەوە، چونکە خەریکە ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بە زیانی ئێران دەشکێتەوە.لەم ڕوانگەوە خامەنەئی نامەی نەهێنی ئاراستەی میلیشیاکانی شیعە کردووە تاوەکو بەهەر شێوازێک بێت کۆنترۆڵی خۆپیشاندانەکان بکەن.

ئەوان بە ئەنقەست شەڕ دەکەن

ئەو خۆپیشاندانانەی لە عێراق و لوبنان بەرپا بوونە دەستی دەرەکی لەپشتەوە نییە و خۆرسکە و بۆیە بەبێ جیاوازی هەموو لایەنەکانی بە سوننە و شیعەوە گرتۆتەوە، خۆپیشاندەرانی شیعە مەزهەب چەندین دروشمی دژ بە هێزە سیاسییە شیعەکان و تەنانەت ئێران بەرز کردۆتەوە، بۆیە سەرکردەکانی شیعە ئیسرائیل و ئەمریکا تۆمەتبار دەکەن کە دەستیان لە پشتەوەی ئەو خۆپیشاندانانە هەیە. لەوڵاشەوە سعودیا گرنگی بەو خۆپیشاندانانە داوە، کە دیارە سعودیاش دژ بە ئێرانە، بۆیە ئەو ئەگەردش بە دوور نەزانراوە، کە سعودیا دەستی لەپشتەوەی خۆپیشاندانەکانەوە بێت، بەڵام واقیعێک خۆی فەرز دەکات ئەویش ئەوەیە کە ئەمەریکا و ئێران و سعودیا بەرژەوەندیان لە عێراقدا هەیە، بەڵام ئەم خۆپیشاندانانە خزمەتی بەرژەوەندی ئەوان ناکات بۆیە ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکی بەدوور دەزانرێ.

هێزی هەق، هێزی نەرمە

لە خۆپیشاندان و شۆڕشەکانی لاوان و چین و تونژەکانی دیکە ،حەقیقەتێکی ڕووکەش هەیە کە ناکرێ فەرامۆش بکرێ. ئەویش ئەوەیە کە ئەم جۆرە خۆپیشاندان شۆڕشانە خۆیان پاڵپشتی لۆجستی خۆیان دەکەن و پێویستیان بە پرۆپاگەندە و پاڵپشتی هێزی سیاسی دەرەکی و ناوخۆیی نییە، چونکە لەخۆیدا سروشتی و لە خەمخۆرییەوە سەرچاوەی گرتووە. لەم ڕووانگەیەوە زۆرجار جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کەپێویستە ڕێکخرانی ئەو خۆپیشاندانانە متمانەی خۆیان نەدۆڕێنن و گرەوەکە تا سەر بەبەنەوە. ئەوانەی عاقڵمەندن و خودان فیکرن لە پشتەوەی خۆپیشاندانەکانەوە سەلماندنی ئەو واقیعەش نمونە بە نەخشەی ڕێگا دەهێنینەوە کە سەرەتا بۆشی کۆڕ ڕایگەیاند بەناوی پرۆسەی ئاشتی لە فەلەستین و ئیسرائیل و هەروەها تێگەیشتن لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستی نوێ، کە ستراتیژیەتی ئەمریکا خۆی بووە ئەمەش بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی و گشتی لە تەواوی ناوچەکە. ئیدی ئەو پیالنگێڕەش لە دوای ڕووداوی 11ی سێپتەمبەر چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. لەو ڕۆژە بە دواوە لەژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی جیهان شەرعیەت بە ئەمریکا درا کە هێزی خۆی باڵو بکاتەوە بە جیهان و دەست لە کاروباریان وەربدات بەتایبەتی لەو وڵاتە لاوازانەی گەرای ئیرهاب تیایاندا خێرا پەرەیان سەند. ئیدی هەر دەوڵەتێک لە فەرمانی ئەمەریکا یاخی بێت یان بەناوی تیرۆر یان بە خۆپیشاندانەکان و داواکردنی گۆڕانکاری ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و پاڵپشتی گروپە چەکدارەکان دەکات و خواستی خۆی لە ڕێگەی ئەوانەوە بەدی دەهێنێ.

گەردەلوول هەڵیکرد

ئەو گەردەلوولەی لە عێراق و لوبنان هەڵیکردووە لە بنەمادا نەخشەیەکی گشتییە بۆ ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست، بەاڵم بە پێی زەمەن و کاتی گونجاو بەسەر وڵاتانی دیکەش هەڵدەکات و ئەوانیش هەمان گەردەلوول دەیانگرێتەوە. بۆ



لە ڕاپرسییەکی خۆپیشاندەراندا..

نوری مالیکی گەندەڵترین بەرپرسی عێراقە

خۆپیشاندەرانی پارێزگای بەسرە باشووری عێراق، لەناو خۆیاندا ڕاپرسییەکیان بەمەبەستی دەستنیشانکردنی گەندەڵترین سەرکردەی سیاسیی لەسەر ئاستی عێراق لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەنجامدا، بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق، نوری مالیکی لە ڕیزبەندیی یەکەم و بە گەندەڵترین سەرکردەی سیاسیی لەسەر ئاستی عێراق دیاریکراوە.یەکێک لە خۆپیشاندەران بەناوی مجبەل حەسانی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنییدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆلو ڕایگەیاند، خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانی نزیک باڵەخانەی پارێزگا ناوەڕاستی شاری بەسرە، لەناو خۆیاندا ڕاپرسییەکیان بەمەبەستی دیاریکردنی گەندەڵترین سەرکردەی سیاسیی لەسەر ئاستی عێراق لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەنجامدا.حەسانی گوتیشی: "لیژنەی سەرپەرشتیاری ڕاپرسییەکە لە گۆڕەپانی گردبوونەوەکان فۆرمی ڕاپرسییەکان بەسەر زیاتر لە 200کەسدا دابەش کردووە".حەسانی ئاماژە بەوەشکرد، دوای ژماردن و جیاکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسییەکە، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق، نوری مالیکی لە ڕیزبەندیی یەکەم لە گەندەڵترین سەرکردە لەسەر ئاستی عێراق و پاریزگاری ئێستای بەسرە، ئەسعەد عیدانی لە ڕیزبەندی یەکەم لە گەندەڵترین کەس لەسەر ئاستی پاریزگاکە دیاریکراوە.

نوری مالیکی بۆ دووخولی لەدوای یەک سەرۆکایەتی حکوومەتی عێراقی کرد لە 2006تاکو 2014و لەماوەی حوکمڕانییدا لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا تۆمەتی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی خرایەپاڵ.هەر لەماوەی حوکمڕانی مالکیدا ناکۆکی تائیفی لەنێوان شیعە و سوننە لە عێراق سەری هەڵدا و ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش یەک لەسەر سێی خاکی وڵاتی داگیرکرد.

مانشێت



سکای نیوز:
لە باشووری فەرەنسا ، پۆلیس 31 کەسی پاکستانی لەناو بارهەڵگرێک دەستگیر کرد کە بە نیاز بوون بە شێوەیەکی نایاسایی لە سنوورەکان بپەڕنەوە.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
سەرۆکوەزیرانی ئیتالیا ڕایگەیاند کە ڕووسیا بە زۆر شێواز دەستی لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتەکەی وەرداوە.



ئیلاف:
سەرۆکوەزیرانی سکۆتلەندا لەبەردەمی هەزاران خۆپیشاندەر لە گلاسکۆ ڕایگەیاند کە سەربەخۆیی زۆر نزیکە.



ئەی ئێف پی:
واشنتۆن نیگەرانی خۆی پیشان دا لەوەی دوور نیە سربیا ببێتە خاوەنی چەکی ڕووسی.




فرانس 24:
لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێک لە مااڵی، سەربازێکی فەرەنسی گیانی لەدەست دا.



کەنااڵ ئار تی:
شاری دریسدن لە ڕۆژهەاڵتی ئەڵمانیا بە هۆی زۆربوونی ژمارەی نازیە تازەکان زەنگی مەترسی لێدا.

گەلەستێرەیەکی تەمەن 14ملیار ساڵیی دۆزرایەوە



گومان لەوە دانییەو کەوا ملیارەها گەلەستێرە هەیە لەنێو گەردووندا، ئەوەی خۆشمان، (ڕێی کاکێشان) یەکێکە لە کۆی ئەو هەموو دوورگە گەردوونییە مەزنانە، بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کەوا قەبارەو بارستایی و شکڵ و شێوازیان جیایە، ئەگەر چی لە ڕواڵەتی دەرەکیدا، گەلەستێرەش هەن بە یەکتری دەچن.

بە پێی تیۆری (تەقینەوەی مەزن – Big Bang) گەردوون بەر لە نزیکەی 13 ملیارو 800 ملیۆن ساڵ پێش ئێستا دروست بووە، وە پسپۆڕانی فەلەکناسی ئێستاو لەسەر ڕووی هەسارەی زەویدا کە سەیری گەردوون دەکەن، با ڕوونتر بڵێین، کە سەیری قوڵایی گەردوون دەکەن، چاویان دەکەوێتە سەر هەندێ تەنی وا نامۆی سەرسامکار کە سەری پسپۆڕان بۆخۆیان دەسوڕمێنن، چونکە کاتێک فەلەکناسان سەیری قوڵایی گەردوون دەکەن، ئەوا سەیری دیمەنێکی یەگجار کۆنی ملیارەها ساڵ پێش ئێستا دەکەن، واتە، سەیری ساتەوەختەکانی سەرەتایی لە دایکبوونی گەردوون و تەنەکانی نێوی دەکەن، واتە دیمەنی گەردوون و ئاسمان دیمەنی کاتژمێرو هەفتەو ساڵ و ملیۆنەها ساڵ پێش ئێستایە بە پێی دووریی تەنەکە لە هەسارەکەی خۆمان، واتە فەلەکناسان سەیری ساتەکانی دەستپێکی لە دایکبوونی گەلەستێرەکان بە تایبەتی.

لێکۆڵینەوەکانی هەرە تازەی فەلەکناس و گەردوونناسان دەریان خست کەوا دوای تیپەڕبوونی 1تا 2ملیار ساڵ لە (تەقینەوەی مەزن) دا، گەلەستێرە هەرە مەزن و زەبەلاحەکان دروستبوونەو هەندێ لەو گەلەستێرانە بەشێوەیەکی ئەوتۆ خێراو زۆر ئەستێرەیان لەناویاندا دروست بوونە کە دەتوانە زیاتر لە 12ملیار ساڵی ڕووناکی لە زەویدا.

شیکردنەوەکانی ئەو ڕوانگەیەو ڕوانگەیەکی دیکەی پسپۆڕانی ئەمریکی خاتوو (کریستینا ولیامز) و تیمێک لە فەلەکناسانی (زانکۆی ئەریزۆنا) و بە بەکارهێنانی ڕوانگەی فەلەکیی هەرە ناودارو مەزنی (Atacama Large Millimeter / submillimeter Array) لە بیابانی (ئەتاکاما) لە وڵاتی (چیلی) خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی چڕو پڕ بوون دەربارەی گەلەستێرەیەک کاتێک خاڵێکی زۆر بچووکی بینی کە پێشبینی نەدەکرا لەو ناوچەیەدا هەبێت، دوای شیکردنەوەی شەبەنگی ئەو تەنە نامۆیە دەرکەوت کەوا ماوەی نێوانمان لە ڕێگەی تلسکۆپێکی بینناییەوە هاوکۆک بوون لەوەی کە ئەم تەنە نامۆیە بریتییە لە گەلەستێرەیەکی یەگجار زۆر جیاواز لەوانەی لە سنووری نزیکی خۆماندا دەیانبینین بە جۆرێکی ئەوتۆ کە دەتوانێ لەماوەی ساڵێکدا 300 جۆری جیاجیای ئەستێرە دروست بکات، لە کاتێکدا گەلەستێرەی خۆمان (ڕێی کاکێشان) لە ساڵێکدا تەنها 1 تا 2 ئەستێرەی نوێ دروست دەکات.

ئەم دۆزینەوە کەمۆینەیە ڕۆژی 2019.10.22 لەنێو (گۆڤاری فیزیای فەلەکی) دا بڵاوکراوەتەوەو لێکۆڵەرەوانی جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کەوا ئەو دۆزینەوەیە بە تەواوی چاوەڕوان نەکراوبووە، کە ئەمەش وایکرد ئەو پسپۆڕانەی کە پێشتر بیرۆکەی بوونی (گەلەستێرەی زەبەلاح) یان ڕەت دەکردەوە، دووبارە بەخۆیاندا بچنەوە.

بێ شک، دۆزینەوەی زیاتری لەم شێوەیە بۆ ئەو تەنە گەردوونییە کەمۆینەو نامۆیانە، یارمەتییەکی زۆری پسپۆڕانی گەردوونناسی و فەلەکناسی دەدات بۆ گەیشتن لە ڕاستی و دروستی چۆنییەتی لە دایکبوونی گەردوون و چۆنییەتی پەرەسەندنی تەنەکانی نێوی، لە ساتەکانی تازەی لە دایکبوونی تا دەگاتە ئەو ڕۆژگارەی ئێستاماندا.

هەوڵێک بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی شوناسنامەی (پلوتۆ) وەک هەسارەیەکی سەربەخۆ

لە کۆبوونەوەیەکی زانایانی فەلەکناسی سەر بە (یەکێتی فەلەکناسیی نێودەوڵەتیی) لە ساڵی 2006دا، وە دوای ئەنجامدانی ڕوانگەکردن و لێکۆڵینەوەی دوورودرێژ، بڕیاریاندا کەوا پلەو پایەی (پلوتۆ) لە هەسارە – Planet دوە دابەزێنن بۆ (هەسارەی گرگن یان بچووک – Dwarf Planet، چونکە بە تێڕوانینیان (پلوتۆ) خاوەن خولگەیەکی ڕێک و پێک و سەربەخۆی نییەو هەڵسوکەوتی لە هەسارەیەکی سەربەخۆ ناچێت، بەڵام دوای ئەو بڕیارە، چەندین نێودەو کەسایەتی زانستیی جیهانیی و تەنانەت منداڵان و قوتابیان لەچەندین وڵاتدا ناڕەزاییەکی تووندیا دەربڕی و داوایانکرد کەوا شۆێن و پایەی (پلوتۆ) وەک هەسارەیەکی سەربەخۆ بگەڕێندرێتەوەو بە هەسارەیەکی گرگن لەنێو کێتێب و ئەتلەسەکاندا نەناسێنرێ، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود بوو.

کەچی ئەمجارەیان و لە لێدوانێکی تایبەتیدا، (جێم بریدینستین) ی سەرۆکی (ئاژانسی نیشتیمانیی بۆ فڕین و بۆشاییگەڕیی) ناسراو بە (ناسا) داوای لێبوردنی لە هەموو ئەو کەسانە کرد کە باوەڕیان بە پلوتۆ هەبووە و وتی: "ئێمە ئەوەمان لەبیر چووبوو کە پلوتۆ چ مانایەکی بۆ خەڵکی هەیە، ئێمە ئەوەمان لەبیر چووبوو کە پلوتۆ چ مانایەکی بۆ منداڵان هەیە، ئێمە ئەوەمان لەبیر چووبوو کە پلوتۆ چ مانایەکی بۆ ئێمە هەیە".


(کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی بۆ فڕینی بۆشاییگەڕیی) کە هەینی ڕابردوو 2019.10.25 ئەنجامدرا، لە بەردەم ئامادەبووانداڕایگەیاند: "من وەک بەڕێوەبەری ناسا ڕایدەگەیەنم کەوا، پێویستە پلوتۆ سیفەت –نازناوە – ی هەسارەی پێ بدرێتەوە"، ئەمەش بووە هۆی دڵخۆشی و ڕەزامەندی تەواوی ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە.

(بریدینستین) ڕوونی کردەوە کەوا ئەو هەڵوێستەی پشتی بەستووە بە سروشتە پێکهاتەییەکەی کە خاوەنی بەرگە هەوای خۆیەتی لەگەڵ بوونی پێکهاتەیەکی جیۆلۆجی شیاو، ئەمە جگە لە بوونی چەند پاشکۆیەک کە بە دەوروبیەوە دەخولێنەوە.

تا ئێستا لەنێو سیستەمی خۆردا 5هەسارەی گرگن – بچووک هەیە و پلوتۆ لەگەڵ ئەوان ئەژمارکراوە، هەسارەی گرگن یش بریتین لەو تەنانەی کە بارستایی و هێزی کێشکردنیان گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە بتوانێ شێوازێکی (گۆیی) بۆخۆیان دروست بکەن، بەڵام ناتوانن کاریکەنە سەر تەنەکانی دیکەی دەوروبەری خۆیان و کۆنترۆڵیان بکەن، کە ئەمە خاڵی جیاوازییە لەنێوان ئەوان و هەسارە سەربەخۆیەکانی دیکە.



شەشەمین هەسارۆکە لە نێو سیستەمی کۆمەڵەی خۆر دەستنیشانکرا



لە تازەترین هەواڵەکانی (یەکێتی فەلەکناسیی نێودەوڵەتی) دا هاتووە کەوا فەلەکناسان بڕیاریاندا ڕیزبەندی شەشەمین هەسارۆکە بە تەنە ئاسمانی – هایگیا – Hygiea ببەخشن لە نێو سیستەمی کۆمەڵەی خۆر کە دەکەوێتە ناوچەی نێوان خولگەی هەسارەی (مەریخ) و (موشتەری) کە ناسراوە بە (پڕبینی هەسارۆکەکان) ئەویش دوابەدوای لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی شۆێنگەی لەلایەن تیمی نێودەوڵەتی لە نێوگەورەترین تەلیسکۆپی VLTی ڕوانگەی باشوری ئەوروپی ESO. وەک سەرەتایەکیش بۆ ئەم هەسارۆکە نازناوی بچوکترین هەسارۆکەی نیو سیستەمی کۆمەڵەی خۆری پێ بەخشراوە کە تیرەکەی 430 کیلۆمەتر دەبێت لەکاتێکدا هەسارۆکەی (سیریس) تیرەکەی 950کیلۆمەتر دەبێت و گەورەترینیشیان – تا ئێستا – هەسارۆکەی پلۆتۆیە کە 2400 کیلۆمەترە. جێگای ئاماژەیە کەوا (هایگیا) بۆ یەکەمجار لە 12ی نیسانی 1849لەلایەن فەلەکناسی ئیتالی (ئەنیپال دی گاسپارێس) دا دۆزرایەوە، وە پێی داتای نوێ دەرکەوتووە کەوا بە 5 ساڵ و نیو خولێک بە دەوری خۆردا تەواو دەکات و خێراییشی لەسەر خولگەکەی دەگاتە 16 کیلۆمەترو 76 مەتر لەیەک چرکەو پلەی گەرمیی لەسەر ڕووەکەیدا دەگاتە 109 پلە لە ژێر سفری سیلیزی و بەرزترینیشی لە 26پلە لە ژێر سفری سیلیزی زیاتر نییە.

نهێنییەکی ناوازەی کێشوەری بەستووی باشوور ئاشکراکرا



تازەترین لێکۆڵینەوەی زانستیی دەربارەی (ئەنتارکتیکا) واتە (کێشوەری بەستووی باشوور) دەریخست کەوا ئاستی سەهۆڵ لەو کێشوەردا زۆر لەمێژە لە کورتی داوەو بەردەو سنوودارببوونەوە دەچێت کە کاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1706، واتە پێش دەیان ساڵ لە شۆڕشی پیشەسازیدا، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کەوا جگە لە کارتێکردنی دەستکردی مرۆڤ، کاریگەرییە سروشتییەکانیش ڕۆڵی خۆیان بووەو دەشێت لە گۆڕینی ناوچەکەو لەدەستدانی ڕووبەرە سەهۆڵییەکان.

لێکۆڵینەوەیەکی پێشووتر ئاماژەی داوە کەوا ڕووبەری سەهۆڵبەندییەکانی کێشوەری بەستووی باشوور بەڕێژەی 6ئەوەندەی ڕێژەی سروشتی خۆی ڕوو لە داڕمان و لەناوچوونە بە بەراورد لەگەڵ 40 ساڵ پێش ئێستادا، جا ئەگەر ئەم داڕمانە بەو خێراییەی ئێستا بەردەوامبی، ئەوا ئەگەرەکانی ڕوودانی لافاوی مەزن لە چەندین ناوچەی جیهاندا ژمارەی ملیۆنەها کەس دەخاتە ژێر مەترسییەوەو لە ماوەی چەند سەدەیەکی کەمی داهاتوودا، خەڵکانێکی زۆر ناچار دەبن مااڵکانیان جێبێڵن و ئاوارەی ناوچەی دیکە بن.

بەڵام لەو لێکۆڵینەوەی ئێستادا، پسپۆڕانی (ڕووماڵکردنی بەریتانی لە کامبریج) بۆ کێشوەری (ئەنتارکتیکا) هەڵسان بە ئامادەکردنی تۆماری توانەوەی سەهۆڵ لەماوەی 6250 ساڵی ڕابردوو بۆ ناوچەی ناسراو بە (باکووری ڕۆژهەاڵتی نیمچە دوورگە) لە (کێشوەری بەستووی باشوور) و بۆیان دەرکەوت کەوا ئاستەکانی داڕمان و توانەوەی بارستەو شاخە سەهۆڵییەکان دوای ساڵی 1400وە دەستی بە توانەوە کردووەو لە سنووری ساڵی 1700ی میالدی گەیشتۆتە ئاستێکی یەگجار زۆر بەرز، واتە پێش 50 ساڵ لە شۆڕشی پیشەسازی، کە لەو خاڵەوە ئیدی مرۆڤ بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستیکرد بە فڕەدانی گازە گەرمکارەکان بۆ نێو بەرگەهەوای زەویدا.

بۆچی لەسەر هەسارەی زەویدا تەنها ڕوویکی مانگ دەبینین؟



مانگ تاقە پاشکۆی هەسارەکەمانەو نزیکترین تەنی ئاسمانییە، تا ئێستاش مەقۆمقۆبەکی زانستیی زۆر هەیە دەربارەی ئەسڵی دروستبوونی، ئایا بە پێی تیۆری (هەسارە بچووکەکان– سەرەتاییەکان) لە سەرەتادا بەشێک بووە لە زەوی و لێی جیابۆتەوە، یاخود بە پێی تیۆری (بەرکەوتنی مەزن) دوە، لە دوای دروستبوونی زەویییەوە هەسارەیەک بە قەدەرایی (مەریخ) بەری کەوتووە و پاشماوەکەی بۆتە مانگی ئەمڕۆ؟ ... لە ڕاستیدا هێشتا وەاڵمی کۆتایی نەدراوەتەوە

بەاڵم با حاڵی حازر باسی واقیعی ئەمڕۆی مانگ بکەین و بزانین (مانگ) چییەو خاوەنی چ تایبەتمەندییەکە، وە لەو ڕێگەوە وەاڵمی کۆمەڵێک پرسیاری زۆر گرنگ دەدینەوە کە تاوەکو ئێستا لەنێو برو هزرماندا هەن.

پێناسەی زانستیی مانگ دەڵێ: مانگ (القمر – The Moon) تاقە پاشکۆی سروشتی زەویییە، وە لە ڕیزبەندی پاشکۆیەکانی نێو سیستەمی خۆر، پێنجەم گەورەترین پاشکۆیە بە پێی بەراوردی قەبارەکەی لەگەڵ هەسارەکەیدا.

مانگ، جیهانێکی کپ و بێدەنگە، نەهەواو نە هیچ سیماو ڕواڵەتەکانی کەش و هەوایی لەسەر ڕووەکەیدا نییە، بۆ جیهانێکی وەستاوە، هیچ جوواڵەیەک ئەدنا جووڵەیەکیشی تیادا نییە بەهەموو ماناکانی وشە، ژینگەیەکی یەگجار زۆر دژوارو نالەبارو مەترسیدارە بۆ مرۆڤ ئەگەر هاتوو پێش نیشتنەوە لەسەریدا ئامادەباشی نەکردبێ لە پۆشاک و بەرگی زۆر تایبەت و تۆکمەو کەرەستەی زۆر تایبەت و ئامادەکراو بۆ بەرگەگرتنی ئەو ژینگە هەرە سەختەدا.

دوای شیکردنەوەی تیشکیی بۆ نموونەی ئەو خۆڵ و بەردانەی کە لە کەشتیوانانی (ئەپۆڵۆ) لە نێوان ساڵانی 1969و 1972دا دەرکەوت تەمەنی مانگ دەگاتە 4ملیارو 530ملیۆن ساڵ پێش ئێستا.

تیرەی مانگ 3هەزارو 474 کیلۆمەترو 200مەترە واتە 1لەسەر 4ی تیرەی هەسارەی زەویی و بارستاییەکەشی 1لەسەر 81بەشی بارستایی زەویی کە یەکسانە بە: 7 هەزارو 360 تریلیۆن تەن.

نزیکترین خاڵ لەنێوان مانگ و زەوی یەکسانە بە: 356هەزارو 864 کیلۆمەتر، لەو حاڵەتەدا ئەگەر مانگ لە 14دابێت – یان تابان بێت وەک کوردەواری گوتەنی – ئەوا قەبارەکەی گەورەتر خۆی نیشان دەدات و دیاردەی ناسراو بە (Super Moon) یان مانگی زۆر گەورەی لێدەکەوێتەوە.

دوورترین خاڵ لەنێوان مانگ و زەوی یەکسانە بە: 406 هەزارو 464 کیلۆمەترو بە ماوەی 27 ڕۆژ خولێک بە دەوری زەویدا تەواو دەکات لەهەمان کاتدا بە نزیکەی 28 ڕۆژو 12 کاتژمێر خولێک بە دەوری خۆیدا تەواو دەکات.

کەواتە، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، بۆچی ئێمە بەردەوام لایەکی ڕووی مانگ دەبینین؟

ئەگەر وردبینەوە لە ماوەی خولانەوەی مانگ بە دەوری زەوی لەگەڵ تەوەری خۆیدا، ئەوا دەبینین هەردووکیان بە نزیکەیی هەمان ماوە، واتە، 27 ڕۆژدا تەواو دەبن، ئەمەش تاقە هۆکارە سەرەکییەکەیە کە وادەکات دانیشتوانی سەر ڕووی زەوی، لە هەر شوێنگەو خاڵێک بن، تەنها ڕووێکی مانگ ببینن، چونکە ئەگەر مانگ بۆ نموونە، لە ماوەی 10 یان 20 ڕۆژ خولێکی بە دەوری خۆیدا تەواو بکردبایە، ئەوا دانیشتوانی سەر ڕووی زەوی بە دریژایی 27 ڕۆژەکەی خولانەوەی مانگ بە دەوری زەوی زەوی دەبینی، بەاڵم بە یەکسان بوونی ماوەی خولانەوەی بە دەوری زەوی و تەوەری خۆیدا، ئەوا ئێمە تەنها لایەکی ڕووی مانگ دەبینین کە ناسراوە بە (ئای نزیک – Near Side of the Moon.

www.xebat.net
خەبات دوو شەممە 2019/11/4 ژمارە (5863)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com





یاری شەترەنج دەبێتە وانەیەکی سەرەکی قوتابخانەکان

بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک: زۆربەی قوتابیەکان هانمان دەدەن ماوەی وانەی شەترەنج زیاتر بکەین لەوانەکانی دیکە

ئا: سەرهەنگ ئەجمەدین

هەموو کات یاریزانە ناوداراەکانی نێو یانە وەرزشییەکان و هەڵبژاردەکان هەمیشە لەنێو قوتابخانەکان سەریان هەڵداوە و پێگەیشتوون ، زۆر لەیاریزانانی کوردستان هەن لەیارییە جۆراوجۆرەکاندا خاوەن ناو و ناوبانگێکی گەورەن لەنێو یانەکاندا کەبەشانازییەوە ڕاگەیاندنەکان باسیان دەکەن، دیارە وەزارەتی پەروەردە بەهەماهەنگی لەگەلأ یانەی شەترەنجی خانزاد دەمێکە کاریان لەسەر ئەوە کردووە کە وانەی شەترەنج لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت ,سەرەتاش ئەم هەنگاوە لە قوتابخانە ئەهلییەکان جێبەجێکرا.

بۆ ئەم مەبەستە لەنزیکەوە لەشاری هەولێر قوتابخانەیەکمان بەناوی قوتابخانەی گوڵدن فیوچەری ناحکومی بەسەر کردەوە و سەرەتا لەبارەی گوتنەوەی وانەی وەرزشی لەنێو قوتابخانەکەدا ئەحمەد سەرهەنگ مامۆستای وەرزشی لەقوتابخانەی گوڵدن فیوچەری ناحکومی لەمبارەیەوە بۆ خەبات ڕایگەیاند: بێگومان قوتابخانەکەی ئێمە تارادەیەکی زۆر باش بایەخ و گرینگی بەوانە وەرزشییەکان دەدات، بەڵام ئەمسأڵ بەپێی پلان و بەرنامەی قوتابخانەکەمان وانەیەکی تایبەتمان لەبارەی یاری شەترەنج ئامادەکردووە بۆ قوتابیانی قوتابخانەکە، لەهەموو وانەکان یاری شەترەنجمان کرۆدتە وانەیەکی سەرەکی ، پێویستە هەموو قوتابیەک یاری شەترەنج بزانی ، چونکە ئەم یاریە بیرو بۆچوونی قوتابی لەهەموو ڕوویەکەوە بەهێز دەکات، سەرەڕای ئەمەیش زۆربەی قوتابیەکان هانمان دەدەن کەوانەی وەرزشی شەترەنج زیاتر بکرێت لەوانەکانی دیکە، هەروەها داوای بەشداریکردن لەپاڵەوانیەتیەکانی دەرەوەی قوتابخانەکان دەکەن تاپێشبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی بکەن .


گوتیشی: ئێستا لەزۆربەی زۆری قوتابخانەکانی شاری هەولێر وانەی یاری شەرتەنج بۆتە وانەیەکی سەرەکی بۆ هەموو قوتابیان، لەبەرامبەردا بەپێی ڕاپرسی و پێشبینیەکان سەرجەم قوتابیەکان حەز بەوانەی یاری شەرترەنج دەکەن.

ئەمجارەش مانی بووە فریادرەسی لیقەرپوول

سادیۆ مانی سەنیگالی کە لە ریزی یانەی لیقەرپوول یاری دەکات، لە دواساتەکاندا یانەی ریدز لە لەدەستدانی دوو خاڵ دەرباز دەکات و ڕۆڵی دیاری دەبێت لە بردنەوەی بەسەر یانەی ئەستۆن ڤیلا.

لە گەڕی 11ی خولی ئینگلیزی (پریمەرلیگ) یانەی لیقەرپوول ڕووبەڕووی یانەی ئەستۆن ڤیلا بۆوە و توانی 2-1 گۆڵ یانەی لیقەرپوول ببات‌ەوە، کە گۆڵی یەکەمی لیقەر لەلایەن سادیۆ مانییەوە دروستکرا و لە دواساتەکانی یاریەکەشدا هەر ئەو یاریزانە گۆڵی بردنەوەی تۆمار کردو سێ خاڵی یاریەکەی بۆ یانەکەی مسۆگەر کرد. بەم بردنەوەیەش کۆی خاڵەکانی لیقەرپوول بەرزبۆوە بۆ 31 خاڵ و لە پێشەنگی یانەکانی پریمەرلیگ دێت، لەبەرامبەردا ئەساۆن ڤیلا هەر 11خاڵی هەیە و لە پلەی 16هەم دێت.

ئینتراخت یانە زەبەلاحەکەی بۆندزلیگ گۆڵباران دەکات



یانەی بایرن میونشن لەمیانی بەرگریکردن نازناوی خولی ئەڵمانیا بۆ تۆپی پێ دووچاری قورسترین دۆڕان بۆوە کاتێک یانەی ئینتراخت فرانکفۆرت لەمیانی یاریەکانی گەڕی 10ی بۆندزلیگ بەئەنجامی 1-5گۆڵ لێی بردەوە.

یانەی بایرن میونشن هەرزوو کەوتە بەر مەترسییەوە کاتێک لە خولەکی 9ی یاریەکە جیرۆم بواتینگ بەهۆی تووندو تیژییەوە لەلایەن ناوبژیوانەوە دەرکرایە دەرەوە، ئەمەش ئەو دەرفەتەی بۆ یاریزانانی فرانکفۆرت ڕەخساند و هەر زوو توانیان دوو گۆڵ تۆمار بکەن، دواتر لە گێمی دووەمدا توانیان 3 گۆڵی دیکە تۆماربکەن و یاریەکە بە 1-5 لە بایرن میونشن ببەنەوە، و تاکە گۆڵی

ڕیمۆنتادای لیقانتی بەسەر بەرشلۆنە



یاریەکەی نێوان لیقانتی و بەرشلۆنە بە کارەساتێکی میژوویی بۆ بەرشلۆنە تەواو بوو کاتێک 3-1لەبەرژەوەندی لیقانتی کۆتایی هات، و یاریزانانی لیقانتی هێڵی هێرشبردنیان چالاکانە دەرکەوتن و توانیان ئەنجامەکە لەبەرژەوەندی خۆیان بگۆڕن و ڕیمۆنتادا بەسەر کەتەلۆنییەکان تۆمارکرد، کە دوای ئەوەی مێسی گۆڵی تۆمارکرد، توانیان لەماوەی 7 خولەکدا 3گۆڵ تۆمار بکەن، ئەمەش سێیەم دۆڕاندنی بەرشلۆنەیە لەم وەرزەدا.

نادال کشایەوە



ڕافایل نادالی ئیسپانی لە قۆناغی پێش کۆتایی خولی نیوەدەوڵەتی پاریس بۆ تێنس کشایەوە، کە دوا خولەکانی ماستەرزە، ئەویش بەهۆی ئەوەی لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دینیس شاپۆڤالۆڤی کەنەدەی تووشی پێکان دەبێت.

بەمەش یاریی کۆتایی لەنێوان نۆڤاک دیکۆڤیچی پۆلینی یەکەمی جیهانی و دینیس شاپۆڤالۆڤ دەبێت کە ئەمەی دزایی سوودی لو پێکانەی نادال وەرگرتووە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 4. Nov. 2019 No: (5863)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەرمەند سەیفوڵڵا: ویستم بە کلیپکردنی گۆرانی (داستان)م خەباتی شێرەژنێکی کورد بە جیهان بناسێنم



دیمانە- موسلیم دۆڵەمەڕی

هونەرمەندی کورد سەیفوڵڵا کە بە گۆرانییە خۆش و دەنگە زوڵاڵەکەی جێی خۆی لە نێو دڵی گەلی کورد کردۆتەوە بە تایبەتی بە گۆرانیە شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەریەکانی کە هەمیشە بە هونەری خۆی هەوڵیداوە کە قوربانی و بەرخودان و داستانە پڕ لە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بە جیهان بناسێنێ ,بۆ ئەمجارەش چیرۆکی شێرەژنێکی کوردی رۆژئاوای لە ریگای کلیپێکەوە بە جیهان دەداتە ناسین ,ئەویش بەمشێوەیە بۆ (خەبات) دواو گوتی: سەرەتا سوپاس بۆ رۆژنامەی (خەبات) ی خۆشەویست ,ناوی گۆرانییەکەم (داستانە) کە باس لە ژیانی شێرەژنێکی کوردی رۆژئاوا دەکات بە ناوی خەنسا کە ماوەی چەندین ساڵە وەکو پزیشک لە نێو ریزەکانی پێشمەرگە خزمەت بە پێشمەرگەو گەلی خۆی دەکات بە تایبەتی لە کاتی ئاوارەبونی برا کوردە ئێزدیەکانمان بۆ چیای شنگاڵ ئەم شێرەژنەی کورد بە جیهان بناسێنم.


سەبارەت بە پەیڤ و ئاوازی گۆرانیەکەو دەرهێنەری کلیپەکەی گوتی :

پەیڤ و ئاوازی گۆرانیەکە هی خۆمەو دەرهێنەری کلیپەکەشم بەڕێزو خۆشەویست نەسرین ئەبدی بوو کە بەڕاستی کارێکی زۆر جوانی بۆ کردم و هەروەها کلیپەکەشم لەلایەن برای خۆشەویستم کاک شەیداوە گیراوە.

هەروەها سەبارەت بە شوێنی کلیپکردنی گۆرانیەکەی گوتی : کلیپەکەمان لە زۆر ناوچەی کوردستان وێنە گرتووە وەکو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتێ هەولێرو قەڵای هەولێرو سحێلاو شنگاڵ و لەشکری تایبەتی 2بەتالیۆنی 3و مەقەڕی دکتۆری لە شێخان و کۆماندۆی زێرەڤانی و چەند شوێنێکی تری کوردستان وێنەی کلیپەکەم گرتووە.

لەکۆتاییدا گوتی : سوپاس بۆ هەموو هاوکارانم بۆ تۆمارکردنی گۆرانیەکەو وێنەگرتنی کلیپەکەم بە تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک کە زۆر هاوکارمان بوون.

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دوورشەمەیەک دەینووسێت


تۆپاندنی درندەیەکی وەک ئەبووبەکر بەغدادی، رووداوێکی گەورەیە و دەبێت لەفرە ڕەهەندەوە سەیربکرێت، ئەو گورگە دەو بەخوێنە، بۆ دەسالّ زیاترە، بەرێگای چەتەکانی داعشەوە، خەڵکی قوربەسەریان خلّتانی خوێن کردووە، داخی گەروەیان بەجەرگی هەزارەها دایک و باوکەوە ناوە، قەت ئەو دیمەنەم لەبیر ناچێت کە چەند پێشمەرگەیەکیان خستبووە ناو چەند قەفەزەوە و بەشاری حەویجەدا دەیانگێڕان و خەڵک بەردبارانیان دەکردن.

وەک سەرۆک بارزانی، لەپەیامەکەیدا ئاماژەی بۆ کردوە، بەکوشتنی ئەو تاوانبارە بیری داعش کۆتایی نایەت، راستە کاریگەری خۆی هەیە بەڵام بنبڕ کردنی هەروا ئاسان نیە، ئەو تۆرە تیرۆرستیە، وەک خانەی سەرەتان، رەگی زۆرە بەفراوانی بڵاوبوبتەوە.

کورد، ئازار و ناخۆشی زۆری بەدەست داعشەوە بینوە، بۆیە پێویستە لەملاوە، لەهەموو کاتێک زیاتر وریاو چاوکراوە بێت، داعش و لایەنگرانی ئەو ریکخراوە، فرە مینبەر و ریکخراو و ماسکن.

لەمەولا، لەهەموو هەناگاوێک گرنگتر ریگە گرتنە لەبڵاوبونەوەی هزر و بیری داعش، هەر لەقۆناغی سەرەتایی پەروەردەوە بگرە، تا دەگاتە سەرجەم کایەکانی وڵات، ئەوانە زۆر بەوردی کاردەکەن، لەجرج و مشک زیاتر زاوزێ دەکەن.

شتێکیش لەدڵمدا بووەتە مەراق، نازانم بەغدادی بۆ ویستویەتی بچێتە سەر سنووری تورکیا ؟؟!!




کۆمەڵێک پرسی نیشتیمانی لەخۆ دەگرێت

شانۆگەری پاسەوان... ئەحمەد سالار دەباتەوە سەر تەختەی شانۆ



بەرهەم شێخ عیزەدین

ئەرسەلان دەرویش، دوای نمایشکردنی لە شاری (سلێمانی) ساڵی 2006و لە شاری (بەرلین) لەساڵی 2008 و لە شانۆی پاشایی (ستۆکهۆلم) و 9 شاری دیکەی وڵاتی (سوێد) لە ساڵی 2010دا..لە ئێستادا بەنیازین بە فۆرم و دراما تۆرگییەکی نوێوە لە (هەولێر)ی پایتەخت نمایشی بکەینەوە، ئەم شانۆگەرییە کۆمەڵێک پرسی نیشتیمانی لەخۆ دەگرێت وەک پرۆسەی بەد ناوی(ئەنفال)و (ژیانی پێشمەرگە)و ...هتد، چەند ئەکتەرێکی بەتوانا بەرجەستەکاریی بۆ دەکەن، کە هونەرمەندی گەورە (ئەحمەد سالار) وەکو ئەکتەر پێی دەچێتەوە سەر تەختەی شانۆ جارێکی دیکە لە میانەی (بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر) و (بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری هەولێر) لە(وەزارەتی رۆشنبیریی) بە هاوبەشی (تیپی شانۆی سالار).



بەرهەمی ئەمسالّی جوتیارە نموونەیەکەی هەڵەبجە



شیرین عەبدولوەهاب مالّئاوایی لە سۆشیال میدیا دەکات

هەمزە سەرحان: خانمە ئەستێرەی میسری شیرین عەبدولوەهاب، بەهۆی کۆمێنتی هەوادارانیەوە بە یەکجاری مالّئاوایی لە سۆشیال میدیا دەکات.لە چەند رۆژی ڕابردوودا بەهۆی ئەو ئاگرە گەوردیەی لەناو چیا و دارستانەکانی لوبنان کەوتەوە، شیرین عەبدولوەهاب لە ئینستاگرام هاوخەمی خۆی دەردەبڕێت، بەڵام بەهۆی کاردانەوە و کۆمێنتی نەشیاوی هەوادارانیەوە بڕیاردەدات بە یەکجاری لە سۆشیال میدیا دووربکەوێتەوە دەڵێت "بۆ ئەوەی چیتر ئازاری دەروونی خۆم نەدەم".شیرین عەبدولوەهاب لەدایکبووی 1980 خاوەنی دەنگێکی خۆش و سەرنجڕاکێشە، یەکێکە لە ناسراوترین خانمە گۆرانیبێژەکانی میسر و خەڵکی قاهیرەیە، لە 2007 هاوسەرگیری کرد لەگەڵ محەمەد موستەفا پاش بوونی دوو منداڵی کچ لە 2012 جیادەبنەوە، لە ساڵی 2018ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ گۆرانبێژ و ئاوازدانەری میسری حوسام حەبیب پێکهێنا.

هەولێر.. رەنگەکانی عەلی حوسێن لەسیمفۆنیای ئەڤین دا سەما دەکات

وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری هەولێر بەڕێوەبەرایەتی شێوەکاری، ئەمڕۆ کاتژمێر 11سەرلەبەیانی لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری (میدیا) پێشەنگای شێوەکاری هونەرمەندی بەئەزموون (دکتۆر عەلی حوسێن)لەژێرناوی (ئەڤین لەسیمفۆنیای رەنگەکاندا) دەکاتەوە.